# نواندنی سینتاپڕاگماتیکییانەی ڕستە لە زمانی کوردیدا

**ID No. 621**

(PP 181 - 204)

https://doi.org/10.21271/zjhs.27.3.13

**خۆشناو عەزیز حەمەئەمین**
بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین
khoshnaw.aziz@uor.edu.krd

**عومەر مەحموود کەریم**
بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە
omar.mahmood@koyauniversity.org

**وەگـــــــرتن : 2022/06/26**

**پەسندکردن : 2022/11/03**

**بڵاوکردنەوە : 2023/07/25**

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بۆ نواندنی سینتاپڕاگماتیکی لە بونیاتی دروستە سینتاکسییەکاندا تەرخانکراوە، تایبەت بۆ ڕستەی سادەی بە دەوروبەر بەستراوەوە، چونکە پەسنکردنی ڕۆنانی ڕستە لە هەر زمانێکدا، بە هۆی پێڕەوی ڕۆنانی یاسای فرێزەکان و نواندنەوە لێکدەدرێتەوە، هەر ئەم یاسایانەش دەبنە دیاریکەری ڕێسای دەرخستن و نیشاندانی فۆڕمە سینتاکسییەکانی زمانەکە، کە وەکو پێواژۆیەکی خۆڕسکانە لە زماندا ڕوودەدەن. کەواتە ئەم کارە بۆ دیاریکردنی دروستەی ڕستەی پەیوەست بە دەوروبەرە، تێیدا هەوڵدراوە ئەو هەنگاوانە ئەزمونبەندبکرێن، کە بە جێبەجێکردنیان دروستەی ڕستەکان وەک پێکهاتیلەی نێو پێکهاتە سینتاکسییەکان لە بەکارهێنان و پێوەندیکردندا بونیاتدەنرێن، بە واتا هەوڵێکە بۆ دەرخستنی ئەو توخم و ئاستانەی بە هۆیانەوە بونیاتیی دروستە سینتاپڕاگماتیکییەکانیان پێدروستدەبێت.

هێڵە سەرەکییەکانی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە سوودوەرگرتن لە ڕێباز و توێژینەوەی شیکاریی پەسنکەرانە (Descriptive Analysis)یە، پێکهاتەی توێژینەوەکەش، جگە لە پێشەکی بەسەر دوو پاردا دابەشکراوە:

پاری یەکەم: بە ناونیشانی "پوختەیەک لە بارەی نواندنی سینتاپڕاگماتیکییەوە"یە، تێیدا جگە لە ناساندنی نواندنی سینتاپڕاگماتیکی، لەگەڵیدا تیشک خراوەتە سەر هەریەک لە: سەربەخۆیی ئەم نواندنە و چۆنیەتیی نواندنی دروستە سینتاپڕاگماتیکییەکان، لەگەڵ گرنگترین هەنگاو و سەرچاوەکانی نواندنی دروستە سینتاپڕاگماتیکییەکان. پاری دووەمیش بۆ "پێکهێنەر و ئاستەکانی نواندنی سینتاپڕاگماتیکی" تایبەتکراوە، تێیدا گرنگترین پێکهێنەر و ئاستەکانی ئەم نواندانە نیشاندراون.

**وشەکلیلەکان:** نواندن، سینتاپڕاگماتیک، دەوروبەر، دروستە، دەربڕاو، ئاست.

## پێشەکی

### ١.٠: ناونیشان و بواری توێژینەوەکە

توێژینەوەکە بە ناونیشانی "نواندنی سینتاپڕاگماتیکییانەی ڕستە لە زمانی کوردیدا"یە، بە گشتی بۆ نواندنی سینتاپڕاگماتیکییانەی دروستە سینتاکسییەکان، بە تایبەت ئەو ڕستە سادانەی بە پەیکاڵکردنیان بە دەوروبەر/بەستێنەوە مەبەستی پراگماتیکی لەودیو فۆڕمە زمانییەکەیانەوە دەگەیەنن تەرخانکراوە، واتە بۆ نیشاندانی بنەما و چۆنیەتیی نواندنی دروستە تەکیەکخراوە پەیوەست بە دەوروبەرەکانە، لەگەڵ ئاست و پێکهێنەرەکانی نواندنی ئەو دروستانە، چونکە نواندنی سینتاپڕاگماتیکی مۆدێلێکی پەسنکردنی ڕێزمانیمان دەداتێ، کە پێکهاتەی بنەڕەتی یاساکانی دروستەی وەچەپێکهاتە (Constituent structure rules) و فەرهەنگی پەیوەست بە دەوروبەر و بەکارهێنانی تێدایە.

### ٢.٠: هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە

دیاریکردن و دەستنیشانکردنی چۆنیەتیی نواندنی پێکهاتەی ئەو دروستە و دەربڕاوە سینتاکسییانەی پەیوەست بە دەوروبەر و مەبەستی نێرەرەوە لە زانیاریی ناواخنی توخمە فەرهەنگییەکانی زمانی کوردییەوە بەرهەمدەهێنرێن، وەک ئەوەی بزانرێت لە دووتوێی کارێکی سەربەخۆ لە زمانەوانیی کوردیدا بەرچاوناکەوێت، بۆیە پێویستە ئەو کەلێنە پڕبکرێتەوە، هۆکارێکی دیکەی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ ئەو پێویستییە هەنووکەییە دەگەڕێتەوە، کە بۆ تەواوکردنی بوار و بابەتەکانی زمانەوانیی کوردی دەبێت ئەنجامبدرێت.

**٣.٠: ئامانج و گرنگیی توێژینەوەکە**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ناساندن و شیکردنەوەی نواندنی سینتاپڕاگماتیکیانە و بنەماکانی کارکردنیەتی لە دروستە سینتاکسییەکاندا بە تایبەت دروستەی ڕستەی سادە، کە تێیدا پشتبەست بە یاسا جیهانییەکانی بواری سینتاکس و پڕاگماتیک، هەوڵدراوە دەستنیشانی پێوەندیی نێوان فۆڕمی فەرهەنگی و سینتاکسی دروستە سینتاکسییەکان پەیوەست بە دەوروبەر و بەکارهێنانەوە بکرێت، ئەویش لە ڕێگەی دەرخستنی ناواخنی توخمە فەرهەنگییەکانەوە، بە واتا ئەم کارە هەنگاوێک دەبێت ڕووەو دانانی بنەمای زانستی لە نێو توێژینەوە زمانەوانییەکاندا، هەروەها پێوانەش بۆ چۆنیەتیی نواندنی دەربڕاوە سینتاکسییەکان پەیوەست بە دەوروبەر و مەبەستی نێرەرەوە دەدۆزێتەوە.

**٤.٠: ڕێبازی توێژینەوەکە**

ڕێبازی نووسینەوەی بابەتەکە، ڕێبازی (شیکاریی پەسنکەرانە) تاڕادەیەکیش پراکتیکییانەیە، بە جۆرێک لە هەندێک بابەتدا توێژینەوەکە پتر تیۆری و شیکەرەوەییە، کەمتر پەسنی پێوەدیارە، هەروەها لە نێو توێژینەوەکەدا بەپێی هەنگاوەکان کار بە وەچەتیۆری (X-Bar) کراوە، کە بە هۆیەوە نواندنی سینتاکسیی دروستەکانی لە دایاگرامدا پێدەرخراوە، پاشان پەیوەستبوونی ئەم دروستانە بە دەوروبەرەوە لە پڕاگماتیکدا شیکراونەتەوە.

**٥.٠: سنوور و کەرەستەی توێژینەوەکە**

لە ئەنجامدانی توێژینەوەکە شێوەزاری (سلێمانی) لە دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاستدا کراوە بە سەنگی محەک، و نموونە و داتاکانی لێوەرگیراوە، بە جۆرێک ئەم نموونانە لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە، لەو سنوورەدا هێنراونەتەوە، تا ڕوونکردنەوە و پەسنکردنەکان بسەلمێنێت، بە واتا نموونەکان بۆ ئەو داتایانەن، کە نەخشەی بنەڕەتیی دروستە سینتاپڕاگماتیکییەکان دەکێشن.

**٦.٠: پرسیار و گریمانەی توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەیە بە دوای وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێکدا دەگەڕێت، وەک:

سینتاپڕاگماتیک نواندنێکی سینتاکسییانەی پڕاگماتیکە، بە واتا پێوەرێکی پێرەوکراوی سینتاکس و پڕاگماتیکە، بە خستنەڕووی هەردوو پێوەر جێبەجێدەکرێت؟ یا پێڕەوێکی سەربەخۆ و جیاوازە؟ هەروەها شێواز و چۆنیەتیی نواندنی دروستە سینتاکسییە پەیوەست بە دەوروبەرەکان چۆنە و لە چی پێکهاتوون؟ واتە کام چەشنە زانیارییە دەچێتە نێو دیاریکردنی نواندنی دروستە سینتاپڕاگماتیکییەکانەوە؟ یا بۆ بەرهەمهێنانی نواندنیان کەڵک لە چی وەردەگیرێت؟ لەگەڵ ئەو پرسیارەی، کە لە ڕێکخراوەی پێکهێنەرەکانی ئەو دروستانەدا چەند ئاست دیاریدەکرێت؟ یاخود ئاستەکانی نواندن (Level of Representation)ی دروستەی سینتاپڕاگماتیکی کامانەن؟ ...تاد.

**٧.٠: پێکهاتەی توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەیە جگە لەم پێشەکییە، لە دوو پار پێکهاتووە، بەم شێوەیە:

**پاری یەکەم**: ئەم پارە بە ناونیشانی "پوختەیەک لە بارەی نواندنی سینتاپڕاگماتیکییەوە"یە، کە بۆ ناساندنێکی گشتی نواندنی سینتاپڕاگماتیکی، و سەربەخۆبوونی ئەم نواندنە، لەگەڵ چۆنیەتی و سەرچاوەی ئەم نواندنە و گرنگترین هەنگاوەکانی نواندنی سینتاپڕاگماتیکییانەی ڕستەی سادە لە زمانی کوردیدا تەرخانکراوە. تێیدا هەوڵدراوە بە نموونە و هێڵکاریی پێویستەوە سەرجەمی ئەو بابەتانە و بنەماکانیان نیشانبدرێت.

**پاری دووەم:** ئەم پارەش بۆ "پێکهێنەر و ئاستەکانی نواندنی سینتاپڕاگماتیکی" تایبەتکراوە، کە تێیدا گرنگترین پێکهێنەرەکانی ئەو نواندنە بە نموونە و ڕوونکردنەوەی پێویستەوە خراونەتەڕوو، بە تایبەت پێکهێنەری پۆلی، پاشان گرنگترین ئاستەکانی نواندنی سینتاپڕاگماتیکیش تایبەت لە ڕستەی سادەدا نیشاندراون.


لەکۆتاییشدا گرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە پێیانگەیشتووە لە چەند خاڵێکدا، لەگەڵ ڕیزکردنی سوود لێوەرگیراوەکان، خراونەتەڕوو.

**1. پوختەیەک لە بارەی نواندنی سینتاپڕاگماتیکییەوە**

**١.١: نواندنی سینتاپڕاگماتیکی**

پێواژۆی سینتاپڕاگماتیک، یەکێک لە ئەرکەکانی پەسنکردنی جۆر و شێوەی پێکهاتنی دروستە سینتاکسییەکانە لە توخمە بنەڕەتییەکانی زمانەکەوە، لەگەڵ چۆنیەتی و مەبەستی بەکارهێنانیان لە ژینگە و دەوروبەر/ بەستێنێکی دیاریکراودا، پەیوەست بە

پێڕەوکردنی ژمارەیەک دەستور و بنەمای دیاریکراوەوە، هەرچی >>نواندنی سینتاپڕاگماتیکی ــ Syntapragmatic Representation<<شە، ئەوا دیوی دەرەوەی زانیاریە سینتاکسییە پەیوەست بە دەوروبەرەکانی تێدا دەخرێتەڕوو، ئەوەشی جێخۆشکەری ئەو نواندنەیە، جگە لە دەوروبەر، بوونی دەستەیەك لە نیشانە و زانیاریی سینتاکسی و پڕاگماتیکییە، مەبەست لە زانیارییە سینتاکسییەکانیش، ئەو زانیاریانەیە، لە نێو توخمە پێکهێنەرەکانی فەرهەنگدا هەڵگیراون، دواتر لە چێوەی نواندنە سینتاکسییەکاندا خۆیان دەبیننەوە، چونکە بڕی زانیاریی پێویستیان بۆ بـەرهـەمـهـێـنـانی دروسـتـەی سینتاکسیی پەیوەست بە پێڕەو و یاسای دیاریکراوەوە تێدا هـەڵگیراوە (Cook & Newson, 2007: 159 - 160)، هەر لەم بارەوە (چۆمسکی) لە بنەما سینتاکسییەکانی ڕێزماندا، جەختی لەوە کردووەتەوە، فەرهەنگ لە ژمارەیەک دەروازەی تایبەت بە مۆرفیمەکان پێکهاتووە، کە بچوکترین زنجیرەی دەنگیی سەگمێنتین و هەڵگری واتان، فەرهەنگیش بەشێکی یەکلاکەرەوەی ئەو لقە پێکهاتانەیە، کە لەگەڵ یاساکانی بنکەدا دروستەی سینتاکسی پێکدەهێنن، ئەمەش پشتڕاستی ئەوە دەکاتەوە، کە هەموو نواندنێکی سینتاکسی بنەماکەی لە فەرهەنگدایە (سەعید، ٢٠١٩: ٧)، بەم پێیە بۆ بەرهەمهێنانی دروستەی بێکەموکوڕیی سینتاپڕاگماتیکی چەند پێکهاتەیەکی سینتاکسیی یەکلەدواییەک لە ئارادا هەن، کە پەیوەست بە گۆکردنە ڕێزمانییەکانەوە لە چەند قۆناغێکدا بە ڕەچاوکردنی پێوەر و زانیارییە پـڕاگـماتیکییەکانەوە جـێبەجـێدەکرێن، وەک لە مۆدێلی دروستەی سینتاپڕاگماتیکی لە هێڵکاریی (١ : ١)دا نیشاندراوە.




هێڵکاریی (١ : ١)

لەمەوە دەکرێت، بگوترێت: (١) فەرهەنگ و سینتاکس وەک دوو پێکهاتە تەواوکەری یەکدین، بەوەی زانیارییە ئەبستراکتە گەنجکراوەکانی نێو هەر توخمێکی فەرهەنگی، بنەمای سەرەکی دروستیی فۆرمدارشتنی سینتاکسین، بەو واتایەی، دروستە سینتاکسییەکان نواندنی دیوی دەرەوەی ئەو زانیارییە فەرهەنگیانەن، کە لە توخمەکاندا هەڵگیراون. (٢) دیوی دەرەوەی زانیاریی فەرهەنگی توخمە فەرهەنگییەکان، وابەستەی ناواخنی توخمەکانن، بۆیە گریمانەی ئەوەیان لێدەکرێت، پەیوەست بە نواندنە سینتاکسییەکانەوە پێشبینی هێنانەدەرەوەیان بکرێت (سەعید، ٢٠١٩: ٦ ــ ٧)، ئەمەش دەربڕی ئەو ڕاستییەیە، پێکهێنەری سینتاکسی هەر دروستەیەک لە دوو ئاستدا دەبێت، ئاستی سەرەوە بۆ چۆنیەتیی گۆکردنی دروستەکەیە، ئاستی ژێرەوە/قووڵیش لە پێوەندییە نێوخۆییەکانی نێوان کەرەستەکانی دروستەکە پێکهاتووە (Hartman & Stork,1976: 59)، لە نواندنی سینتاپڕاگماتیکیشدا "نواندنی زانیارییە سینتاکسییەکانی ناو توخمە فەرهەنگییەکان لە دوو دیوی سینتاکسیی و فەرهەنگییدا بەرجەستەدەکرێن" (مەعرووف، ٢٠١٣: ٦٦) پەیوەست بە دەوروبەرەوە، یان وەك لە هێڵکارییەکەوە دەردەکەوێت، بنکە یاساکانی دروستەی فرێز لەگەڵ فەرهەنگی تێدایە، کە تێیدا وشەکان یەکدەگرن، دواتر گواستنەوەکان ڕوودەدەن. بنکە دروستەی قووڵ بەرهەمدەهێنێت، یاساکانی گواستنەوەش دروستەی قووڵ بە یاریدەی بنەما و زانیاریی پڕاگماتیکی بە دروستەی ڕووکەشەوە دەبەستێتەوە، پێکهاتەی فۆنۆلۆژیش بە دروستەی ڕووکەشەوە بەستراوە، دواتر بەرەو نواندنی فۆنەتیکی دەڕوات (Barwari, 2004: 12-13)، بەپێی مەبەست و ویستی نێرەر، کە دوا

نواندنی سینتاپڕاگماتیکییە، و بۆ "لێکدانەوەی واتای ڕستەیە، چونکە پێوەندیی واتایی نێوان ڕستەکان نیشاندەدات" (Fowler, 1971:10).

ئەمەی خرایەڕوو پشتڕاستی ئەو ڕاستییە دەکاتەوە، لە سینتاپڕاگماتیکدا ئەو ڕیزبوونانەی لە فەرهەنگەوە دەستدەکەون، پەیکاڵی هەمان ئەو سەرەوڕیزبوونانە دەبن، کە لە سینتاکسدا بەرچاوەدەکەون، چونکە یاساکانی فۆڕمداڕشتن (Formation rules) نواندنی دەرەکی زانیارییە سینتاکسییەکانن (O'Grady, 2005: 191)، بەڵام مەرج نییە ڕیزبوونی فەرهەنگی تێیاندا پەیکاڵی سەرەوڕیزبوونی سینتاکسییانە بێت، بە واتای ئەوەی لە وشەکانیانەوە لێکبدرێنەوە. ئەم زانیارییانەش لە دروستکردنی فرێزەکانەوە دەستپێدەکەن، چونکە فرێزەکان یەکەیەکی سینتاکسین، کە بە خاڵی پێکگەیشتنی یاخود ناوەندی گەیاندنی وشەکانن بە ڕستەکان، و بە پێکهاتەی بنەڕەتی ڕستەکان دانراون (Finch, 2000: 112)، کەواتە دروستەی سینتاپڕاگماتیک، بە بوونی دروستەیەکی سینتاکسیی وابەستەی پڕاگماتیک لە چەشنی ڕستەوە پەیوەستە، کە تێیدا هەر ئارگۆمێنت/ کەتیگۆرییەکی سینتاکسی، لە جێکەوتەی سینتاکسی خۆیاندا گۆکردنیان دەبێت.

**٢.١: سەربەخۆیی نواندنی سینتاپڕاگماتیکی**

ئەم بابەتە لە ناونیشانەکەیەوە دیارە، کە توێژینەوە و ڕوونکردنەوەکانی تایبەتە بە وەڵامی پرسیاری ئایا سینتاپڕاگماتیک نواندنێکی سینتاکسییانەی پڕاگماتیکە، بە واتا پێوەرێکی پێڕەوکراوی سینتاکس و پڕاگماتیکە، بە خستنەڕووی هەردوو پێوەر جێبەجێدەکرێت؟ یا پێڕەوێکی سەربەخۆ و جیاوازە؟

دەستخستن و گەیشتن بە وەڵامێکی دروست و گونجاو بۆ پرسیارێکی لەم جۆرە، پێویست بە هێنانەوەی نموونە و پاشان شیکردنەوەیان دەکات. لەم ڕوانگەوە ئەگەر کار بەم بۆچوونە بکرێت، یەکێک لە دوو بنەماکانی ڕستە واتایە، کە سینتاکس لە لایەنە فۆڕمییەکەی دەتوێژێتەوە، پڕاگماتیکیش لە بەکارهێنانەکەی، ئەوا ڕێزمان و واتا تەواوکەری یەکدین، ناتوانرێت یەکیان بێئەوەی دیکەیان توێژینەوەی لە بارەوە بکرێت (Leech, 1983: 4)، ئەم بۆچوونە ئەو مەرجە دەسەپێنێت، کە دەبێت بۆ هەر دروستەیەکی سینتاپڕاگماتیکی ڕاڤەکردنێکی سینتاکسی و پڕاگماتیکی لەکاردابێت (بڕوانە: نموونەی ١ و ٢)، چونکە سینتاپڕاگماتیک هاوسەنگی نێوان سینتاکس و پڕاگماتیک پەیوەست بە دەوروبەر و دۆخی دروستەی ئارگۆمێنتەوە ڕادەگرێت، هەروەها وادەکات هەردوو پرۆژەکە بەرهەمبهێنرێت، کەواتە دروستەی سینتاپڕاگماتیکی، بە بوونی دروستەیەکی سینتاکسییەوە پەیوەستە، کە تێیدا ئارگیۆمێنیتە سینتاکسییەکان، بەپێی ڕۆڵە واتاییەکانیان لە دەوروبەردا لە جێکەوتەی سینتاکسی خۆیاندا گۆکردنیان دەبێت، بەمەش وەک (لاکۆف ـ Lakoff) ئاماژەی بۆ کردووە، هیچ لۆژیکی نییە، پێکهاتە ڕستەییەکان لە بەکارهێنان جیابکرێنەوە، بۆیە لێرەدا پڕاگماتیک دەبێتە نەخشەیەکی زمانەوانی (دزەیی، ٢٠١٤: ٢٤)، سینتاپڕاگماتیکیش نواندنێکی سینتاکسیی دەبێت، کە لە ئاستی پرۆژەسازدانی بەکارهێناندا بەرهەمدێت.

١) **شۆفێرەکە ئۆتۆمبێلەکەی چاککردەوە.**

بەو پێیەی کردار سەرەی ڕێزمانی حوکمکەرە، هەروەها لە ڕستەدا بەپێی تۆڕی بابەتانەی کردارەکە هەڵاوێری سیمانتیکی جۆر و تایبەتمەندیی ئارگۆمێنتی دەرەکی دەکرێت، بە جۆرێک ڕێککەوتنی واتایی لە نێوان نیشانە سیمانتیکییەکانی کردارەکە و ئارگۆمێنتەکانیدا هەبێت، ئەوا ڕستەی (١) بوون و هێشتنەوەی وەک دروستەی سینتاپڕاگماتیکی بەخورتییە، بە هۆی ئەوەی لە هەڵاوێرکردنی بکەردا هەڵەکراوە، بەمەش بووە بە ڕستەیەکی پڕاگماتیکی، چونکە (شۆفێر) ئۆتۆمبێل لێدەخورێت، چاککردنەوە کاری کەسانی دیکەیە (فیتەر)، کەواتە ئەم ڕستەیە تەنیا بە دۆزینەوەی دەوروبەرێکی لەبار واتا و مەبەستەکەی لێکدەدرێتەوە، بە واتا وەرگر دەتوانێت دەوروبەرێکی گونجاوی بۆ بدۆزێتەوە، وەک ئەوەی لە ڕێگەدا پەکیکەوتووە، یا شۆفێرەکە ئەزموونی پەیداکردووە و نایەوێت پارە بەفیرۆبدات، بۆیە ئەم کارەی ئەنجامداوە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت دروستەی ڕووکەشی ڕستەکە، کە دوا نواندنە، دەستپێکی هەنگاوەکانی ڕاڤەکردنی دروستەی سینتاپڕاگماتیکی دەبێت، چونکە بونیاتنانی پرۆژەی ڕستە سینتاپڕاگماتیکییەکان لە دروستەی قووڵەوە دەبێت، هەروەها بۆ هەڵهێنجانی واتاکەشیان دەبێت پشت بە واتای فەرهەنگی ببەسترێت، پەیوەست بە ئەمەوە (سێرڵ ـ Searle) جەخت لەوە دەکاتەوە، کە لێکدانەوەی واتای دەربڕاو لە هەنگاوی یەکەمدا لە واتای فەرهەنگییەوە بۆ لێکدانەوەی واتای خوازراو دەستپێدەکات، هەر لێکدانەوەیەکیش دوور لە واتای فەرهەنگی نامانگەیەنێت بە واتایەکی دروست (Searle, 1993: 94).

٢) أ) کەی مووچە دابەشدەکرێت؟

٢) ب) هەفتەی داهاتوو.

٢) پ) هەفتەی داهاتوو پشووە.

ڕوونکردنەوەکانی پێشوو جەخت لەو ڕاستییە دەکەنەوە، هەرچەندە (٢.ب) و (٢.پ) وەڵامن بۆ (٢.أ)، کە وەک بنەڕەتی پێکهاتەی سینتاکسی گۆدەکرێن، بەڵام سینتاکس دەتوانێت تەنیا (٢.ب) لێکبداتەوە، چونکە قسەکەر لە (٢.أ)دا (کات)ی دەوێت، گوێگریش کاتی بۆ دیاریکردووە، بەڵام سینتاکس بە تەنیا (٢.پ) چارەسەرناکات، لەبەر ئەوەی بەپێی ویست و ناواخنە سینتاکسییەکەی، کە وەک دروستەیەکی سینتاکسی پرۆژەسازدەر هەیەتی، تەواوکردن و وابەستەکردنی واتاکەی سەرباری ئارگۆمێنتەکانی وابەستەی دەوروبەر دەبێت، بۆیە پراگماتیک واتاکەی لێکدەداتەوە، چونکە لە بری کات هەواڵێک گەیەنراوە (پشووی بۆ حکومەت دۆزیوەتەوە)، ڕەتکردنەوەیەکی ناڕاستەوخۆیە، کەواتە هەبوونی دروستەی سینتاکسی و مەرجی پراگماتیکی ڕوودانی دروستەی سینتاپراگماتیکی لەم جۆرە دەبێت و تێریدەکات.

سەرنجدان لە نموونەکانی (١) و (٢) ڕێگە بۆ هەڵهێنجانی ئەو ئەنجامە خۆشدەکەن، کە نواندنی سینتاپراگماتیکی، لە ڕێی نواندنە سینتاکسییەکانەوە پەیوەست بە دەوروبەر و مەبەستی قسەکەرەوە بەدەستدەهێنرێت، چونکە ڕێکخستنی وشەکان بە شێوازێکی دیاریکراو بابەتی زانستی سینتاکسە (عبدالعزیز، ١٩٨٣: ٢٠٣)، کەواتە دروستە سینتاپراگماتیکییەکان وەک قۆناغی ڕستەیی (Sentential) لێکەوتەی پرۆژە سینتاکسییەکانن، و بە هۆی ئەوانەوە بەرهەمدەهێنرێن، بۆیە بەربڵاوترین لێکدانەوە بۆ نواندنە سینتاپراگماتیکییەکان ئەمەیە، کە نواندنی دروستە مەبەستدارە سینتاکسییەکان تاوتوێدەکات. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت: (١) سینتاپراگماتیک نواندنی پرۆژە سینتاکسە پراگماتیکییەکانە، واتە نواندنی ئەو کەتیگۆرییانەی، هەبوونیان لە نێو ڕستە و وەچەپێکهاتەکانی ڕستەدا پەیوەستەگی دەوروبەر و بنەماکانی دیکەی پراگماتیکە، لە ئەمەشەوە وا گریمانە دەکرێت، کە هەردوو پرۆژەکە، واتە سینتاکس و پراگماتیک چوونیەک و هاوتابن، چونکە سینتاکس تاوتوێکردنی پێوەندیی نێوان فۆڕمە زمانییەکان و چۆنیەتیی ڕیزبوونی ئەم فۆڕمانە بە دوای یەکدی و ڕیزبەندیی دروستی ئەم بەدوایەکداهاتنەیە، هەرچی پراگماتیکیشە تاوتوێکردنی پێوەندیی فۆڕمە زمانییەکان و بەکارهێنانیانە (یوڵ، ٢٠١٦: ١٩). (٢) ناتوانرێت پێشبینی ڕاڤەکردنێکی واتایی دروست بۆ دەربڕاوێک بکرێت، ئەگەر سینتاکسییانە و پراگماتیکییانە بۆ کەتیگۆرە سینتاکسییە دەربڕاوەکان نەگەڕێینەوە، چونکە زۆربەی ڕواڵەتەکانی واتا بەشێکن لە واتای پیتی بۆ دەربڕاوێک، لە ڕاستیدا پێوەندیان بە سیمانتیکەوە نییە، بەڵکو پێوەندییان بە پراگماتیکەوە هەیە (خەتیب و ئەوانی دیکە، ٢٠٢١: ٨٨)، هەربۆیە سینتاپراگماتیک بە بنەما و سەرچاوەی بەدەستهێنانەوەی تەواوی زانیارییە هەڵگیراوەکانی نێو دروستەیەکی دیاریکراو هەژماردەکرێت.

کەواتە دروستبووی سینتاپراگماتیکی، بریتییە لە وشە خستنەتەکیەکێک، کە ناتوانرێت لەسەر بناخەی واتای بەشە پێکهێنەرەکانییەوە تێبگەین، یان واتای تەواوی دروستەکە لە واتای پێکهێنەرەکانییەوە وەرناگیرێت و دەستناخرێت. بە دەربڕینێکی دیکە نواندنی سینتاپراگماتیکی بە ئەو زانیارییانەوە بەندە، کە لە دروستە سینتاکسییەکاندا بە هۆی پۆلەڕەگەز/ کەتیگۆرییەکانەوە پەیوەست بە بنەما سینتاپراگماتیکییە دیاریکراوەکانەوە دەگەیەنرێن، چونکە بنەما پراگماتیکییەکان بونیاتی دروستەکان پێکدەهێنن، بەمەش دروستەی سینتاپراگماتیک پەیکاڵی دروستە بەرهەمهێنراوەکە لە دەوروبەردا دەبێت، بەبێ گەڕانەوە بۆ پێشینەی زانیارییەکانی پرۆژە سینتاکسییەکەی دروستەکە، چاوەڕواندەکرێت چەند ئەگەرێک بۆ ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی واتایی دروستە سینتاپراگماتیکییەکە لەئارادابێت، بڕوانە (٣) و ئەگەرە واتاییەکانی لە (٤)دا:

٣) ئۆتۆمبێلەکەم هەڵنابێتەوە.

ئەم ڕستەیە لە چەند وشەیەک پێکهاتووە، و واتا ڕاستەوخۆیەکەی پێوەندیی بە واتای فەرهەنگیی وشەکانییەوە هەیە، کە هەواڵدانە بە کەسێکی دیاریکراو، کە (ئۆتۆمبێلەکەی من تێکچووە)، بەڵام کاتێک دەخرێتە دەوروبەرەوە، ئەو واتایە ناگەیەنێت، بەڵکو ئەو دەربڕاوە بە مەبەست ئاڕاستە دەکرێت، یا لە چەند دەربڕاوێک پێکدێت، لەوانە:

٤) أ) من دوادەکەوم.

٤) ب) من بە تاکسی دێم.

٤) پ) کارێکی زۆرم هەیە.

٤) ت) ئۆتۆمبێلەکەم پێویستیی بە وەستایە.

٤) د) ئۆتۆمبێلەکەم پێویستیی بە چاککردنەوەیە.

٤) ج) دەتوانیت بۆمی هەڵبکەیتەوە.

٤) چ) دەتوانیت بێیت بە دوامدا. ... تاد.

بەم شێوەیە نواندنی سینتاپڕاگماتیکی نواندنێکی سینتاکسییانەی پراگماتیکییە، یان بەشێکە لە پڕاگماتیکیی دروستە سینتاکسییەکان، بەو پێیەی لە دەوروبەردا و بەپێی بنەما پڕاگماتیکییەکانەوە ڕوودەدات، بە هۆی پێڕەوی ئەو یاسایانەی، کە قسەکەر لەبارەی زمانەکەیەوە، کۆنترۆڵیکردوون. بە دەربڕینێکی دیکە نواندنی سینتاپڕاگماتیکی لە دروستە سینتاکسییەکانەوە دەکەوێتەوە، کە ڕاستەوخۆ ئەلەمێنتەکانی لە فەرهەنگەوە پەیوەست بە ویست و مەبەستێکی دیاریکراوەوە وەردەگرێت، بە واتا لە پێواژۆ ڕستەییەکانەوە بەرهەمدێت، کەواتە بەرهەمی پرۆژە سینتاکسییەکانە و لە چوارچێوەی ڕێسا سینتاپڕاگماتیکییەکاندا ڕۆدەنرێت و واتاکەی لە دەوروبەرەوە وەردەگرێت، کەواتە نواندنی سینتاپڕاگماتیکی دروستەیەکە لە نواندنی دەرەکی، کە خۆی لە پێکهاتەی سینتاکسیدا پەیوەست بە کۆمەڵیک بنەما و پێوەرەوە دەبینێتەوە، بە هۆیەوە "قسەکەر لە ڕێگایانەوە جیهان بەو شێوەیەی هەیە یان خۆی باوەڕی وایە هەبێت پیشاندەدات" (یوڵ، 2016: ٢٠٧).

### ٣.١: چۆنیەتیی نواندنی سینتاپڕاگماتیکی

سینتاپڕاگماتیک، ئەگەر نواندنی سینتاکسی و پڕاگماتیکیی دروستەکان بێت، ئەو کات وەک لە بابەتی پێشوودا خرایەڕوو، بۆ دەستخستن و بەرهەمهێنانی پرۆژەیەکی سینتاپڕاگماتیکی هەبوونی دروستەیەکی سینتاکسیی وابەستەی دەوروبەر، گرنگ و خورتییە، کە تێیدا دروستەکە وەک دەربڕاوێک پەیوەست بە دەوروبەرەوە جێبەجێبووبێت، ئەمەش وادەکات کەتیگۆرییەکان و بنەما پڕاگماتیکییەکان لە دابەشبوونێکی تەواوکەرانەدابن، چونکە هەردووکیان بۆ گەیاندنی هەمان ناوەڕۆک و واتا گۆدەکرێن، بەوەش بۆ هەر گۆکردنێک چەند مەبەست و لێکدانەوەیەکی جیاواز لە ئارادادەبێت، لە لایەک پەیوەست بە قەبارە و چەشنی دروستەکەوە، لە لایەکی دیکەوە پەیوەست بەو دەوربەرەی تێیدا بەکاردێت.

لەم ڕوانگەیەوە بۆ جێبەجێبوونی پێویستییەکانی دروستەیەکی سینتاپڕاگماتیکی و بونیاتنانی، هەنگاوی یەکەم بە دەربڕینی دروستەیەکی سینتاکسی دەنرێت، چونکە فۆڕمداڕشتنی دروستە سینتاپڕاگماتیکییەکان، تا ڕادەیەکی زۆر "هاوشێوە و پەیکاڵی فۆڕمی ڕاستەقینەی دروستەی دەربڕینەکانن" (Van Valin, 2005: 1)، کە بە هۆی یاساکانی بنەڕەت و گواستنەوە پێکدێن، یاساکانی بنەڕەتیش ڕێپێدەر و بەرهەمهێنەری ژمارەیەکی بێسنوری دروستەی قووڵن، هەروەها گۆکردنی یاساکانی گواستنەوەش وەرگێڕی دروستە قووڵەکانن، کە لە ژێرەوەی ڕستەکانداندا، و بنەمای بیری ڕووتی واتای دروستە ڕووکەشەکان لەخۆدەگرن (عمایرە، ١٩٨٤: ٥٨). لە هەنگاوی دووەمیشدا دروستە سینتاکسییەکە دەبێت بچێتە ژێر باری دەوروبەرەوە بۆ دروستبوونی دەربڕاو (Utterance)، چونکە دەوروبەر وەکو یەکە و بنەمایەکی پڕاگماتیک کاریگەریی زۆری بەسەر دەربڕاوەوە دەبێت، هەروەها دەربڕاو بەرهەمی واتای ڕستە و دەوروبەرە (علی، ٢٠٠٧: ١٣٩)، بە واتا دروستەکە پەیوەست بە دەوروبەر و مەبەستی نێرەرەوە ئاڕاستەدەکرێت، چونکە کاتێک دەخرێتە دەوروبەرەوە زیاتر واتاکەی ڕووندەبێتەوە، یا بە هۆی دەوروبەرەوە دەتوانرێت چەندین دەربڕاوی لێوە دروستبکرێت و بەدەستبهێنرێت (بڕوانە: نموونەی (٥) لە خوارەوە)، کەواتە لە نواندنە سینتاپڕاگماتیکییەکاندا دیوی دەرەوەی زانیارییە سینتاکسییەکان دەخرێتەڕوو، مەبەستیش لە زانیارییە سینتاکسییەکان، ئەو زانیارییانەیە، کە لە نێو توخمە پێکهێنەرەکانی فەرهەنگدا هەڵگیراون، دواتر لە چێوەی نواندنە سینتاکسییەکاندا پەیوەست بە دەوروبەرەوە خۆیان دەبیننەوە، بە گوتەیەکی دیکە چۆن ڕستە یەکە و بنەمایەکی بنچینەیی شیکارە سینتاکسییەکانە، کە لێیەوە دەتوانرێت یاسا و ڕێساکان بەرهەمبهێرێت، ئاوهاش لە سینتاپڕاگماتیکدا بنەمایەکی بنەڕەتیی شیکردنەوەیە، یا وەک ئاستێکی زمانی خستنەڕوو (زانستی زمانی نوێنراو ــ Linguistics Representation) سەیردەکرێت.

٥) باپیر سەیری ئەم ئۆتۆمبێلە بکە.

نموونەی (٥) سینتاکسییانە، یا دوور لە دەوروبەر، تەنیا ڕستەیەکی فەرمانییە، بەڵام کاتێک دەخرێتە دەوروبەرەوە، یاخود سینتاپڕاگماتیکییانە ڕاڤەدەکرێت، ئەوا ئەم دەربڕاوە بە سەرسوڕمانەوە دەربڕاوە، یا دەکرێت چەند دەربڕاوێک بێت، لەوانە:

+ ئای لەم ئۆتۆمبێلە چەند جوانە!

+ ئۆتۆمبێلێکی چەند خراپە!

+ ئۆتۆمبێلی وام نەبـینیوە!

واتە نێرەر پەیکاڵی دروستە و مەبەستەکەی لە ڕێگەی دەوروبەر و زانیارییە پڕاگماتیکییەکانەوە جێبەجێدەکات، ئەمەش لەسەر بنەمای زانیاریی کۆن/ پێشتر ڕوودەدات، ئەگینا دروستە سینتاکسییەکان پەیوەست بە زانیارییە نوێیەکان و مەبەست و ویستی قسەکەرەوە دوور لە دەوروبەر ناڕوونن، بۆیە ڕاڤەکردن و لێکدانەوەیان پێویستیی بە بنەما پڕاگماتیکییەکانە، یا گەڕانەوە بۆ ئەو دەوروبەرەیە، کە دروستە سینتاکسییەکانی لێبەرهەمهاتوون و بەکاردێن، چونکە دەوربەر "هۆکارێکە، کە تەمومژی لەسەر هێما

زمانییەکان لادەبات و لە تاریکییەوە بۆ ڕوونی دەیانگوێزێتەوە" (عەلی و حسەین، ٢٠١٣: ٣٨)، لە لایەکی دیکەشەوە بە بڕوای زۆرێک لە زمانناسان، زمان پێڕەوێکی کردەی (پێوەندی، لەیەکگەیشتن و ئامڕازێکی مامەڵەکردنی کۆمەڵایەتی)یە، کە تێیدا دروستە سینتاکسییەکان بۆ دەربڕینی (بیر، چەمک و واتا) لە دەوروبەردا بەکاردەهێنرێن (Van Valin, 2005: 1).

بەم شێوەیە نواندنی سینتاپڕاگماتیکییانەی دروستە سینتاکسییەکان ئەوە دەردەخات، کە (١) دروستە سینتاکسییەکان پێکهاتەی واتایی و مەبەستی جیاوازییان هەیە، چونکە لە دەوروبەری جیاوازدا بەکاردەهێنرێن، جیاوازییەکەش زۆرجار لە پۆلەڕەگەز/ کەتیگۆری دیاریکردنە فەرهەنگییەکاندا بەدیارناخرێت، بەڵکو لە مەبەست و دەوروبەری بەکارهێناندا دەردەکەوێت، هەرچەند "بەپێی ئەو زانیارییانەی، لە فەرهەنگدا گەنجکراون (زانیارییە سنیتاکسییەکان) دروستە سینتاکسییەکان لە هەر ئاستێکدابن پرۆژەیەکی فەرهەنگیین" (Cook & Newson, 2007:163). (٢) ئاخێوەر پەیوەست بە زانیاریی پێشوەختەوە، دەتوانێت لە دەوروبەر و بەکارهێناندا مەبەست و نیازە ویستراوەکە بدۆزێتەوە. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر با بڕوانینە ئەم نموونانە:

٦) باپیر کۆڕۆنای گرتووە.

ئەم ڕستەیە لە فۆڕمدا هەواڵگەیەنە، بەڵام کاتێک دەچێتە دەوروبەر لە چەند گوتنێک پێکدێت، لە دەوروبەری گوتنەکە واتای جیا، یا دوور لە واتای ڕستەکە بەدەستەوەدەدات، لەوانە:

+ پـێـویـسـتـی بە پزیشکە.
+ نـاتـوانـێـت بێت بۆ زانکۆ.
+ دەبـێـت کەرەنتینە بکرێت.
+ نـابێت سـەردانی بکـەیـت.
+ ئاگات لە شوێن و کارەکانی بێت.

سەرنجدان لە نموونەی (٥ و ٦)، ڕێگە بۆ هەڵهێنجانی ئەو ئەنجامە خۆشدەکەن، کە نواندنی سینتاپڕاگماتیکی، لە ڕێی یاسا ڕێزمانییەکان و وابەستەگی دەوروبەرەوە بەدەستدەهێنرێت، چونکە "ڕستە وەک یەکەیەکی زمانی نابەرجەستە (مجرد) لە دەرەوەی دەوروبەردا، ئەو مەبەستانەی تێدا بەدەرناکەوێت، بە پێچەوانەی ئەوەی وەک یەکەیەکی ئاخاوتن لە دەوروبەرێکی زمانیدا بەکاربێت" (سەعید و ئەحمەد، ٢٠٢٠: ١٢٧)، بۆیە ئەم کردەیە مارکەلێدانی دەوروبەری بۆ دروستەکان دەستەبەردەکات، کە بە بەرهەستکردنەوەی دروستە هەبووەکەوە دەبێت، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت، کە سینتاکس پەیوەست بە بنەما پڕاگماتیکییەکانەوە بە بنەما و سەرچاوەی بەدەستهێنانەوەی تەواوی واتا و زانیاریبە هەڵگیراوەکانی نێو دروستەکە هەژماردەکرێت.

**٤.١: هەنگاوەکانی نواندنی سینتاپڕاگماتیکی**

نواندنی سینتاپڕاگماتیکی بەو زانیارییانەوە بەندە، کە لە دروستەکاندا بە هۆی پۆلەڕەگەز/کەتیگۆرییە سینتاکسییەکانەوە پەیوەست بە دەوروبەرەوە دەگەیەنرێن، بەوەش دروستەی سینتاپڕاگماتیکی وەک لە پێشووتردا خرایەڕوو سینتاکسییانە لە دەوروبەردا پەیکاڵی ڕستە لێبەرهەمهێنراوەکەی دەبێت، بەڵام وێڕای ئەمانە پێویستمان بە تەکنیکی نواندنی دروستە سینتاپڕاگماتیکییەکانە، تا بتوانین هەم دروستەیەکی سینتاکسی و دروستەیەکی پڕاگماتیکی بۆ کۆنکرێتکردنی چەمکەکانمان بخەینەڕوو، لەم پێناوەشدا با بڕوانینە هێڵکاریی (٢ : ١)، کە هەنگاوەکانی نواندن و بەرهەمهێنانی دروستەی سینتاپڕاگماتیکی پێشنیازدەکات.




هێلکاریی (٢ : ١) هەنگاوەکانی نواندنی سینتاپراگماتیکی

ئەم هێڵکارییە هەنگاوەکانی فۆرمەلەکردنی ئاوەزییانەی دروستەکانە پەیوەست بە دەوروبەر و مەبەستی ئاخێوەرانەوە بۆ دەرخستن و گەیاندنی چەمکە دەربڕاوەکان، دروستەی ڕووکەشیش، کە دوا نواندنی سینتاکسییە (بڕوانە: نواندنی خورتیی سینتاکسی (٥) لە هێڵکارییەکە)، دەستپێکی نواندنی دروستەی سینتاپراگماتیکی دەبێت، چونکە پاش ڕوودانی گواستنەوەکان لە دروستەی قووڵەوە بۆ دروستەی ڕووکەش و بونیاتانی پرۆژەی ڕستەیی، نەخشە بۆ بەکارهێنانی پرۆژەی پاشڕستەیی (post sentiential) سینتاپراگماتیک دەکێشرێت، بە واتا سەرەتا تەنیا زانیارییە دروستەییەکە جێبەجێدەبێت، نەک زانیاریی لێکدانەوە و واتایی. بنەڕەتی بەرهەمهێنانی دروستەکەش زانیاری و فەرهەنگە، هەرچی بەکارهێنانیشییەتی ئەوا پەیوەستی بنەما پراگماتیکییەکان، و هەلومەرجبەندیی پراگماتیکییە، کە پێوەندیی دروستەکان بە دەوروبەر و کەوتنە ژێر کاریگەرییەکانی دەگرێتەوە، چونکە ئەوە پراگماتیکە چارەسەری ئەو پێوەندییانە دەکات، کە لە نێوان هێما زمانییەکان و بەکارهێنانداندا هەیە (ارمینکو، ١٩٨٧: ٨)، بۆ نموونە:

٧) باپیر خەڵکی قەڵادزێیە.

وەک کورد بە ئاسانی لە مانای ئەم ڕستەیە تێدەگەین، چونکە لایەنە سیمانتیکییەکەی بە پێوەندیی ڕەمەکیی نێوان هێما (وشەکان) و هێمابۆکراو/ نیشاندراو (مانا) بەپێی تیۆرییەکەی (سۆسێر) و ڕاهاتنی کۆمەڵایەتی لێکدەدرێتەوە. بەڵام لە چ کاتێکدا دەڵێین: (ئەو خەڵکی قەڵادزێیە)، یا بۆ وا دەڵێین و وەڵامی گوێگر چی دەبێت؟، ئەوە بە لقە زانستی پراگماتیک لێکدەدرێتەوە. لە کاتێکدا ئەم لێکدانەوانە هیچیان هیچمان دەربارەی نهێنی تواناسازیی ڕستە دروستکردنەکە بەو خۆڕسکی و ئۆتۆماتیکییە پێنالێن (میراودەلی، ٢٠٢١: ٦١)، بۆیە ئەمەش سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە، ئەم لێکدانەوە و ڕاڤەکردنانە لە پرۆژە پاشڕستەییەکان (Post-Sentential)دا دەبێت، هەر لەم ڕووەوەیە، کە شیکردنەوەی واتایی لە سینتاپراگماتیکدا تەنیا هەوڵنادات بایەخ بە یەکەی واتایی زمان بدات، بەڵکو بایەخ بە نرخەکەشی دەدات، واتە بەو پێوەندی و واتایانەی، کە دەیانپارێزێت لەگەڵ واتاکانی دیکە لەسەر ئاستی پێڕەوی زمانیدا (جێرمان و لۆبلان، ٢٠٠٦: ٨).

کەواتە، هەنگاوەکانی بونیاتانی دروستە سینتاپراگماتیکییەکان، چۆنیەتیی خستنەتەکیەکی کەرەستەکان (توخمەکان و گۆکردنیان یا بەکارهێنانیان)ــە، کە ئاڵۆز و تێکچڕاون، بە گشتیش وەک تێکردەیەک لە نێو دوو پێکهاتەدا کاردەکەن: یەکێکیان پێکهاتەی پراگماتیکییە، کە ڕۆڵی گەیاندنی دروستە سینتاکسییەکان لەگەڵ فۆرمدارشتنی پراگماتیکییە پێوەندیدارەکان دەگەیەنێت، بە واتایەکی دیکە نواندنی دروستە زمانییەکان و واتاکانیان بە هۆی فۆرمدارشتنی پراگماتیکییەوە دەبێت، فۆرمدارشتنی پراگماتیکیش پێوەندیی لەگەڵ پێڕەوی پراگماتیک و بنەماکانیدا هەیە. جۆری دووەمی پێکهاتەی فۆرمی فۆنۆلۆژی (PF) دەگرێتەوە، کە دروستەی سینتاکسی

و فۆرمداڕشتنی فۆرمی فۆنۆلۆژی بەیەکدەگەیەنێت، و چۆنیەتیی دەربڕین دیاریدەکات (بڕوانە: حسەین، ٢٠١١: ١١). بەم شێوەیە دروستە سینتاپراگماتیکییەکان پڕ لە پێوەندیی دەنگی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکسین، لەگەڵ بنەما پراگماتیکییەکان، کە مەبەست و ویستی قسەکەر دیاریدەکەن، چونکە "ڕستە واتاکانی لە کۆتاییدا لە میانی داڕێشینی ڕووداوەکان وەردەگرێ، واتە لە میانی باری دەوروبەر (Context of Situation)" (فەرهادی، ٢٠٠٨: ٢٧).

**١ . ٥: سەرچاوەی نواندنی سینتاپراگماتیکی**

دیارترین و سەرنجڕاکێشترین تایبەتمەندیی زمان ئەوەیە، ئەو توانستە زگماکییە بێسنورە بە مرۆڤ دەدات، کە ژمارەیەکی بێکۆتایی هۆی گەیاندن و تێگەیشتن لەگەڵ یەکدی، واتە دەربڕاوەکان دروستبکات، بە هۆی یاساکانی فۆرمداڕشتن ( Formation rules)ـەوە، کە دروستەی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی دەگرێتەوە، بەڵام ئێمە کە دەیانبیستین بیر لە هیچ لەمانە ناکەینەوە، هەروەکو چۆن نێرەرەکە لە دروستکردنیاندا هیچ بیر لەمانە ناکاتەوە، لە ئاستی ماناسازیشدا دەربڕاوەکە دەگاتە لامان، کە ئاستی هەرە ئاڵۆزی ڕەوشی زمانە، مرۆڤ دەتوانێت بە هەزاران ڕستەی ئاوا دروستبکات (میراودەلی، ٢٠٢١: ٥٠) بۆ گەیاندنی پەیام و مەبەستەکانی، ئەمەش بە هۆی ئەوەی زمان ڕێکخراوەیەکە لە پێکهاتەکان، پێڕەو و یاسا لەخۆدەگرێت، ڕێسا و بنەما و مەرج و پێوەرەکانیش خودی یاسا، دواتر پێڕەوەکە پێکدەهێنن (حسەین، ٢٠١١: ١٢). بەم شێوەیە بونیاتانی دروستەکانی زمان هەڕەمەکییانە نییە، بەڵکو پێڕەوبەندانەیە، بە جۆرێک سەرچاوەی پێکهاتە و واتا و مەبەستی دروستەکان، بۆ توانستی زمانی، و ئەویش بۆ کارامەیی زمانی دەگەڕێتەوە، بڕوانە: هێڵکاریی (٣ : ١).




هێڵکاریی (٣ : ١) سەرچاوەی دروستەی سینتاپراگماتیکی

(بۆ ئەم هێڵکارییە سوود لە (Radford, 2006: 14) وەرگیراوە)

بەپێی ئەم هێڵکارییە بەرهەمهێنانی دروستە سینتاپراگماتیکییەکان، لە (ڕێزمانی زمانی)یەوە سەرچاوەدەگرێت، ئەم ڕێزمانەش پێوەندیدار و وابەستەی توانستە، چونکە هەر ئاخێوەرێک ئەو دروستانە بەرهەمدەهێنێت، کە توانای بەرهەمهێنانیانی هەیە، بە هۆی توانستی زمانییەوە (competence)، کە "زانیاریی نائاگایی مرۆڤە، لەبارەی دەنگ، پێکهاتە و واتای زمانەکەی" (Farrokhpey, 1999: 235). بە واتا زانیارییە ژوورهۆشیەکانیەتی لە بارەی زمانەکەیەوە و لە مێشکیدایە. بە دەربڕینێکی دیکە ئەم دروستانە لە چوارچێوەی ئەو یاسایانەدا بەرهەمدەهێنێت، کە لە مێشکیدا چەسپاون، و بوون بە بناخەیەک بۆ ئەوەی "ژمارەیەکی بێکۆتا دروستەیان لێوە بەرهەمبهێنێت" (Lyons, 1981: 233)، لە کاتێکدا لەوانەیە پێشتر ئەم جۆرە دروستانەی هەر نەبیستبێت. هەرچی توانستی پراگماتیکیشە (pragmatic competence)، ئەوا مەبەست شارەزاییەکانی ئاخێوەرە لە بارەی واتا بارکراوەکانەوە، بە واتا زانیارییە داواکراو و دیاریکراوەکانی ئاخاوتنە، کە لە ژیانی ڕۆژانەدا وەریاندەگرێت و لە ئاوەزیدا کۆیاندەکاتەوە، کە لە ڕێگەیانەوە زمان بە شێوەیەکی چالاک و بە ڕێگەیەکی دروست لە دەوروبەردا بەکاردەهێنرێت (بڕوانە: فەرەج و کریم، ٢٠٢١: ٥ ــ ٦)، بۆ نموونە کاتێک بە کەسێک دەگوترێت:

**٨) شەکرێک بشکێنە.**

ئەگەر بە واتای سیمانتیکی وەریبگرین، ئەوا بەرانبەر دەبێت بچێت (شەکر/قەند) بشکێنێت، بەڵام بە واتای پراگماتیکی بە کەسەکە دەگوترێت: (قسەیەک بکە.)، بەم شێوەیە دروستە سینتاپراگماتیکییەکان بەرهەمی توانستی زمانی و پراگماتیکین، بە جۆرێک توانستی زمانی ئەو زانیارییانەیە، بە هۆیانەوە نێرەر دەتوانێت بە شێوەیەکی فۆرمدروست دروستە و دەربڕاوەکان

بەرهەمبهێنێت، هەرچی توانستی پراگماتیکیشە، ئەوا توانای بەکارهێنانی زمانە لەو دەوروبەرەی تێیدا دەگوترێت (عومەر، ٢٠١٤: ١٠)، وەک لەم نموونەیە دەخرێتەڕوو:

٩) **کات تەواوبوو.**

لە ڕووی توانستی پراگماتیکییەوە دەربڕاوی (٩) زانیارییە دیاریکراو و داواکراوەکانی نێرەرە، بۆیە کاتێک خوێندکارێک لە پۆلدا ئەم قسەیە دەکات، لێرەدا مەبەستی ئەوەیە: کاتی وانەکەیان کۆتایی هاتووە و مامۆستا کاتی پشوویان بداتێ. لێرەدا ئەگەر بمانەوێت توانستی زمانی و پراگماتیکی دیاریبکەین، ئەوا دروستەی ڕستەکە لە لایەنی فەرهەنگی و سینتاکسی و واتاییشەوە دروستە، چونکە مامۆستاکە بە باشی لە لایەنی توانستی زمانییەوە تێیدەگات، بەڵام ئەگەر لە مەبەستە هەواڵگەیەنییەکەی دەربیهێنین، بۆ داواکردنێکی ناڕاستەوخۆ لەژێر ئەو مەرج و بنەما دیاریکراوانەی (پێوەندیی نێوانیان، کاتی دیاریکراو بۆ وانەخویندن) هەستدەکەین، کە ئەمە تەنیا هەواڵ نییە، ئەمەش توانستی پراگماتیکییە.

ئەم درکپێکردنەی پێشووش بە هۆی توانستگە و کارامەیی زمانی (Experience of Language)ـەوە دەبێت، چونکە "توانستگەی زمانی (Language Faculty) توانستێکی ئاوەزی و زگماکییە ئەزمون دەکات بە پەیڕەوێکی مەعریفی" (ئیسماعیل، ٢٠١٥: ٦٧)، و لە ڕێگەیەوە پێکهاتەی ناوەکیی واتایی سەرەکیی ڕستەمان پێدەبەخشێت، کە پێکهاتەیەکی ئەبستراکتی و گریمانەییە، لە بەرانبەردا پێکهاتەی ڕووکەش چ بە نووسین بێت یان ئاخاوتن، شێوە یا کەتوار/ فاکتێکی فیزیکیە لە دەنگی دەربڕاو یا نووسراودا (الراجحی، ١٩٧٩: ١٢٤)، بە دەربڕینێکی دیکە بیرۆکەکان لە بونیاتی قووڵدا لە دەوروبەری چەند ڕووداوێکی (Event) دیاریکراودا دەسوڕێنەوە، دواتر ئەم ڕووداوانە لە ئاوەزدا دەبن بە واتای زمانی پێکەڵ (ممتزج ـ Amalgame)، لەگەڵ ئەلەمێنتە زمانییەکاندا، کە پێکهاتەی ناوەکی یان توانست و توانستگەی/ فاکەڵتیی زمانی پێدەگوترێت، کە بەشێکە لە پێکهاتەی بایەلۆژیی قسەکەر، هەر بۆیە ڕووداوەکان لە دەوروبەری چەند ئەلەمێنتێکی دیکەی زمانیدا بەپێی یاسا زمانییەکان چەقدەبەستن، کە لە ئاوەزی قسەکەر و گوێگردان (بڕوانە: ئیسماعیل، ٢٠١٥: ١١٩)، هەروەک لەم نموونەیەدا ڕوونتردەبێتەوە:

١٠) سەیری کاتژمێرەکەت بکە.

ئەم دەربڕاوە دوور لە دەوروبەر لە شێوەی فەرماندا خۆی دەنوێنێت، یا نێرەر دربڕاوێکی فەرمانی دەربڕیوە، بەڵام کە دەخرێتە دەوروبەرەوە، یا لە دەوروبەری بەکارهێناندا گوتێکی پرسیارییە، بەپێی یاسا زمانییەکان کە لە ئاوەزی ئاخێوەراندان، و بە چەندین شێوە دەردەبڕڕێت، یان بە گوێرەی توانستی زمانی، چالاکیی زمانی لەم ڕستەیەدا بەم شێوە بەرجەستەدەبێت:

+ کاژێر چەندە؟

+ بۆچی کاتژمێرەکەت شکاوە؟

+ بۆچی کاتژمێرەکەت لە دەستنەکردووە؟

کەواتە تاکە ڕستەیەك لە ئاستی قووڵدا دەتوانێت چەند ڕستەیەك لە ئاستی ڕووکەشدا بەرهەمبهێنێت، چونکە دروستە و مەبەستەکەی زۆرجار "لە دەوروبەرەوە بە هۆی ژینگەی دەرونی و کۆمەڵایەتی و باری لێهاتوویی زمانی ئاخێوەرەوە دەستەبەردەبێت و دەدرکێنرێت، پێویستە ئەو واتایانە هەڵگری پاشخانێکی هەڵگیراو و درکپێکراوی ئاوەزیبن، لە هەڵهێنجانیدا بنە واتایەکی گۆڕاو و نوێ، تا بیرێک، هێمایەک، دەستەواژەیەکی دروست بە لێکدانەوە و شرۆڤەی ئەو واتا پراگماتیکییە ببەخشن، بەم پێیە واتای مەبەست لێرەدا گرنگە" (فەرەج و کریم، ٢٠٢١: ٤)، چونکە نواندنە سینتاپراگماتیکییەکان دەرخستنی توانای هەڵگیراوی توخمە فەرهەنگییەکانە بۆ بونیاتنانی دەربڕاوە سینتاکسییە پەیوەست بە دەوروبەرەکان بە جۆرەکانییەوە.

لە دەرئەنجامی ڕوونکردنەوەکانی پێشوو، ئەوە هەڵدەهێنجرێت، لە سینتاپراگماتیکدا نواندنی پراگماتیکی دەربڕاوە سینتاکسییەکان لە دروستکردنی فرێزەکانەوە پابەند بە بنەما و ستراتیژەوە دەستپێدەکات، لەوێشەوە قۆناغی دووەم لە پرۆژەی گەورەتردا دەنوێنرێت، کە تێیدا پۆلەڕەگەزدیاریکردن پەیوەست بە دیاریکردنی ئەو کەتیگۆرییانەوە کاردەکات، کە بەشێکن لە دەرخستنی ئەو ئارگۆمێنتانەی ئارگۆمێنتداواکەرەکان داوایاندەکەن، کە دواتر فۆڕمی سینتاکسیی پەیوەست بە دەوروبەر و مەبەستی نێرەری پێدەنەخشێنرێت. ئەوەش دوو تایبەتمەندیی هەیە: (1) دەستنیشانی ئەوە دەکات، کام کەتیگۆری پێویستیی فەرهەنگیی سەرە ڕێزمانییەکانن، بەوەش بونیاتی ئەو توخمانە دەنێت، کە بەشداری لە پرۆژەی فرێزەکاندا دەکات. (2) سەرەوڕیزبوونێکی فەرهەنگی بەپێی دواهاتنی تێکردەکان دەخاتەڕوو. (مەعرووف، ٢٠١٣: ٦٧)، ئەمەش دووپاتی ئەوە دەکاتەوە، کە دروستەی سینتاپراگماتیکی، دیاریکردنی پێڕەوی یاسا و ڕێسایە، لەگەڵ دۆزینەوە و پەیوەستبوونی پێکهاتەی دروستەکان، هەروەها وابەستەگییان بە بنەما پراگماتیکییەکانەوە، کەواتە سینتاپراگماتیک کەرەستەکان ڕاستەوخۆ لە فەرهەنگەوە وەردەگریت، هەربۆیە

هەنگاوەکانی پێکهاتەیەکی سینتاکسی دەبڕێت، چونکە فەرهەنگ، کۆگای هەمیشەیی وشە زانراوەکانە، یا گەنجینەی زانیارییەکانە لە بارەی توخمە زمانییەکانەوە، بۆیە (تامارێز) گریمانە دەکات، کە "ڕێکخراوەی فەرهەنگ بنەمای پێوەندێتیی نێوان وشەکانە" (Mirêlis, 2004: 2)، هەروەها بڕی ئەو زانیارییانەی تێدایە، کە بە هۆی یاسا ڕێزمانییەکانەوە داوادەکرێت، لەگەڵ ئەو زانیارییانەی شوێنی دروستی وشەکان لە ڕستەدا دەستنیشاندەکات، وەک لەم نموونەیەدا دەردەکەوێت:

١١) شەو باش.

وەک پێشتر خرایەڕوو، سینتاکس بەرهەستکردن و نیشاندانی زانیاریی ئەبستراکتی هەڵگیراوی نێو توخمە فەرهەنگییەکانە پەیوەست بە ئەو زانیارییانەی ئاخێوەران لە بارەی یاسا زمانییەکان و کەرەستە فەرهەنگییەکانی زمانەکەیانەوە هەیانە. بەم پێیەش دەربڕاوی (١١) لە ڕووی ڕێزمانییەوە تەواوە، چونکە پریدیکات، کە پێوەندیی واتایی نێوان دوو ئارگۆمێنت دەردەبڕێت (Hageman, 1994: 72)، تێیدا پێوەندیی واتایی نێوان ئارگۆمێنتدواکەری (باش/ باشبێت) و ئارگۆمێنتی (شەو) نیشاندەدات، بە واتا زانیاریمان لە بارەی ژمارە و جۆری ئەو ئارگۆمێنتانە دەداتێ، کە پێویستیی واتایی و ڕێزمانی بۆ نواندن و بەرهەمهێنانی دەربڕاوەکە تێردەکەن، بەڵام کاتێک لە ڕۆژدا بگوترێت: (شەو باش)، ئەوا شکاندنی بنەمایەکی کۆمەڵایەتییە، واتە شکاندنی بنەمایە، نەک یاسا، چونکە کۆزانیاریمان دەربارەی دەربڕاوە کۆمەڵایەتییەکان پێماندەڵێت: کورد دەربڕاوی تایبەت بە کاتە جیاوازەکانی هەیە، بۆیە لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی واتا و مەبەستەکەی دەکەوێتە ئەستۆی پراگماتیکەوە، چونکە نێرەر مەبەستێکی تایبەتیی هەیە.

لێکەوتەی ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی نموونەکان دەستەبەری ئەوە دەکەن، کە دروستەی دەربڕاوی سینتاپراگماتیکی پێکهاتەی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی و پراگماتیکی دەگرێتەوە، بۆیە پەسەندکردنی ڕێزمانی ئەو دەربڕاوانە، سەرباری بنەما پراگماتیکییەکان (The Principles of Pragmatics)، کە (نێرەر، وەرگر، بابەت و دەوروبەر) دەگرێتەوە، و بە گۆڕانی هەریەکێکیان واتا و مەبەستی دروستەکەش دەگۆڕێت (علی، ١٩٩٣: ١٣)، ئەوا دوو لایەنی دیکەش لەخۆدەگرێت: (1) پێکهاتەی ڕووکەش، کە بە ڕێگەی پێڕەوی دەنگە دەربڕاوەکان دەنەخشێنرێت یا دیاریدەکرێت. (2) پێکهاتەی قووڵ چەمکێکی ئەبستراکتی هەیە، لە ڕێگەی لێکدانەوە و ڕاڤەی واتایی و پراگماتیکی دیاریدەکرێت، چونکە "بە دارێژەری بنەماکانی ڕستە دادەنرێت. دوای ئەوەی یەکە فەرهەنگییەکان (Lexical items) لەخۆدەگرێت، کە لە ڕێگەی یاساکانی پێکهێنی بنجەوە بەرهەمدێت. دوای جێبەجێکردنی ژمارەیێ لە یاساکانی گوێزانەوە دەبێتە پێکهێنی ئاستی ڕووکەش" (قادر، ٢٠٠٩: ١٥٢)، کەواتە نواندنی سینتاپراگماتیکی دروستەی سینتاکسییە لە بەکارهێناندا، کە لە دروستەی ڕووکەشەوە بە هۆی جێبەجێکردنی یاساکانی گواستنەوە هەڵدەهێنجرێت و دەشبێتە تێکردەیەک (Input) بۆ ڕێساکانی لێکدانەوە.


## 2. پێکهێنەر و ئاستەکانی نواندنی سینتاپراگماتیکی

### ٢ . ١: پێکهێنەرەکانی نواندنی سینتاپراگماتیکی

خستنەڕووی دەربڕاوە سینتاپراگماتیکییەکان لە دیاریکردنی پێکهێنەرەکانیان و دەستنیشانکردنی پێوەندیی نێوانیانەوە بە ئاکام دەگەیەنرێت، بۆیە لە پێناو دیاریکردن و گەیشتن بە دەستنیشانکردنی کەرەستە و پێکهێنەرەکانی نواندنی ئەم دەربڕاوانە، ئەگەر بە ڕێبازی دروستە کاربکەین، ئەوا یەکە پێکهێنەرەکانیان"ناچوونیەک و هەڵگری زانیاریی جۆراوجۆرن، هەروەها کۆڵینەوە لە جۆر و چەشنی یەکە و زانیارییە پەیوەستدارەکان و دیاریکردنی پەیوەندیی نێوانیان، پێڕەوبەندانە و بە یاسا ڕێکخراوە" (سەعید، ٢٠٢٠: ٩)، بۆیە لەبەر ڕۆشنایی ئەم لێکدانەوانەدا بۆ دیاریکردنی وردتری نواندنی سینتاپراگماتیکی، پێکهێنەرەکانی ئەم نواندنە دەخرێنەڕوو، چونکە ئەگەر زمان پێڕەوێکی تەواو و پڕاوپڕ (Perfect System)، یا ڕێکخراوەیەک بێت لە پێکهاتەکان، ئەوا زۆرجار زماناسان لەو پێکهاتانە و پێوەندییان دەتوێژنەوە، کە بە یەکەوە بەندن و بۆ دەوروبەر دەگەڕێنەوە، بە واتا زمانەوانی بریتی دەبێت لەو بیرۆکانەی، کە تێیدا پشت بە پێڕەوێک لە یاساکان دەبەسترێت، بۆ لێکدانەوە و دیاریکردنی یەکەی بەرهەمهێنەری بێشومار و نادیاریکراوەکانی دەربڕاوە زمانییەکان، چونکە وەک (هامبۆڵدت ـ Humboldt) ئاماژەی بۆ کردووە، زمان بەکارهێنانی نادیاریکراو بۆ واتا و مەبەستە دیاریکراوەکان دەسازێنێت، خودی ڕێزمانیش پێویستە ئەو پێواژۆیانە پەسنبکات، کە ئەم گونجانانە دروستدەکات (قادر، ٢٠١٢: 47 ـ 48)، ئەمەش دەبێتە ئەرکی سەرەکی و بناخەیی سینتاپراگماتیک.

زمان وەکو پێڕەوی پێوەندیکردن بە هۆی دانە فەرهەنگییەکانەوە دێتەئارا، ئەوەشی بەڵگە نەویست و ڕاستییەکی کرۆکییە ئەوەیە، کە یەکەمین پێکهاتەی هەر دەربڕاوێکی سینتاپراگماتیکی دانەی فەرهەنگییە، بە دەربڕینێکی دیکە دەربڕاوە سینتاپراگماتیکییەکان لە پێکبەستن و لێکدانی یەکە فەرهەنگییەکانەوە پەیوەست بە دەوروبەرەوە پێکدێن، بە واتا دارشتەیەکی

تێکچڕژاوی ئاڵۆزی ئەلەمێنتەکان یا پێکهاتەی مۆرفۆلۆژی و سینتاکسین، کە بە هۆی پێوەندییە سینتاکسییەکانەوە دەخرێنە تەکیەکەوە، و لە دەوروبەردا بە هۆی یاساکانی زمان بەکارهێنانەوە ڕۆڵدەبینن، چونکە لە پێڕەوی نواندن ( Representation System)دا "هەر ئاستێک لە ئاستەکانی زمانەوانی هۆکارەکانی نیشاندانی زانیارییە ڕێکخراو و پێڕەوبەندەکـان دەربـارەی دەربـڕاوە زمانەوانییەکان دابیندەکات" (Chomsky, 1995: 153) بـە واتا زمان، سینتاکس و مۆرفۆلۆژیی شکاندنەوە لە دەوروبەردا بەکاردەهێنێت بۆ بە کۆدکردنی هەندێک لە پێوەندییە واتاییەکان، کە دەستدەکەون لە دەربڕاوێکی نێوان ئارگۆمێنتداواکەر و ئارگۆمێنتەکاندا (بڕوانە: katamba,1993: 256) پەیوەست بە دەوروبەر و مەبەستی ئێرەرەوە، بە گوتەیەکی دیکە گۆکردنی سینتاپراگماتیکی هەر فرێز و دەستەواژە و دەربڕینێک، کە مارکەلێدان و بنەمای پراگماتیکی لە دروستەکانیاندا دیاریکراوە دەگرێتەوە، کەواتە ڕایەڵەی پێکەوەبەستنی سینتاکس و پراگماتیک لە نواندنی سینتاپڕاگماتیکیدا، دەوروبەرە یا بەکارهێنانی زمانە بە هۆی ڕێساکانی بەکارهێنانەوە. پوختەی ئەم دروستە هەڵهێنجانەش لە هێڵکاریی زمانی (١ : ٢)دا خراوەتەڕوو:




هێڵکاریی (١ : ٢) دەرکەوتنی پێکهێنەرەکانی نواندنی سینتاپڕاگماتیکی

بەم پێیە بچووکترین ئەدگاری نەخشەسازیی زمان لە فەرهەنگ و یاساکانی لێکدان و خستنەتەکیەکی وشەکان و بنەما پڕاگماتیکییەکان لە نێو یەکە و دەربڕاوە سینتاپڕاگماتیکییەکاندا دەردەکەوێت، هێڵکاریی (٢ : ٢) ڕوونکردنەوەی ئەم پێکهاتانە لە نواندنە سینتاپڕاگماتیکییەکاندا وردتر دەخاتەبەرچاو:




هێلکاریی (٢ : ٢) پێکهێنەرەکانی نواندنی سینتاپڕاگماتیکی

(بۆ ئەم هێلکارییە سود لە (حسەین، ٢٠١١: ١٢) وەرگیراوە)

کورتەی زانیارییەکانی پێشوو، لەگەڵ هێڵکاریی (٢ : ٢) ئەوە دەخەنەڕوو، لە تیۆری سینتاپڕاگماتیکیدا پێویستە دروستەی دەرکردەکان بە شێوەیەک دابڕێژرێن، کە لەگەڵ بە خۆزانی (سەلیقە)ی ئاخێوەرانی زمانەکەدا بگونجێن، بۆ ئەم مەبەستەش زمان ڕێگەی جۆراوجۆری بۆ پێکهێنان و خستنەتەکیەکی دروستەکان دابینکردووە، هەروەها کەرەستە و پێکهێنەرەکانیشیانی دیاریکردووە، بە جۆرێک گۆکردنی زانیاریی زمانی لە دروستەی سینتاپڕاگماتیکیدا، جگە لە بنەما و پێوەرە پراگماتیکییەکان داوای دوو پێکهاتە دەکات، ئەوانیش: (١) لیستێکی دروستەیی کەرەستەکان، کە گۆڕاوەکان بە هۆیانەوە بدرکێنرێن و لێکبدرێنەوە، کە فەرهەنگ و کەرەستەکانی دەگرێتەوە. (٢) دیاریکردنی دەستەی بنەڕەتی لێکدراوەکان یا ڕێزمان، ئەمانەش بۆ ئەوەن، بە وردی و لە نزیکەوە بزانرێت ئێرەر چی لە مێشکیدا هەیە، یا دەیەوێت چ پەیام و مەبەستێک بگەیەنێت (بڕوانە:Jackendoff, 2002: 38).

پەیوەست بەو زانیارییانەی، لە بارەی پێکهێنەرەکانی نواندنی سینتاپڕاگماتیکییەوە خرانەڕوو، پرسیاری گرنگ ئەوەیە، بۆ بەرهەمهێنانی نواندنی دروستەی سینتاپڕاگماتیکی کەڵک لە چی وەردەگیرێت؟

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە بەرهەمهێنانی دروستەی سینتاپراگماتیکی لە پۆلەڕەگەزی نێو فەرهەنگ، یا ئەلەمێنتەکانی زمانەوە بە هۆی پێواژۆی سینتاکسییانە و بنەما و پێوەری پراگماتیکییەوە جێبەجێدەکرێت، دواتر بە هۆی دروستەی فۆنۆلۆژییەوە دەنوێنرێت، بە واتا ئەگەر سینتاکس کۆنکرێتکەری زانیاری و واتا هەبووەکانی نێو فەرهەنگ بێت، ئەوا پشتڕاستی ئەو بۆچوونە دەکاتەوە، کە بنجی پێکهێنەری نواندنی دروستەی سینتاپراگماتیکی لە چوار بەش پێکدێت (فەرهەنگ، پێکهێنەری پۆلی، بنەما پراگماتیکییەکان و دروستەی فۆنۆلۆژی).

**٢.٢: پێکهێنەری پۆلی پەیوەست بە سینتاپراگماتیکەوە**

>>پێکهێنەری پۆلی<<، بە >>پێکهاتەی بنجی<< و >>پێکهاتەی گواستنەوەی سینتاکسی<<ش ناودەبرێت، لە سینتاکسدا نواندن و خستنەڕووی دروستەکانە، یاخود ڕێگەیەکە نێرەر بۆ دەربڕینی بیروبۆچوونەکانی خۆی لە دوای دیاریکردنی ئەلەمێنتەکان لە فەرهەنگەوە بۆ نواندنی دروستەی ڕووکەش دەیگرێتەبەر، هەروەها بە هۆیەوە بڕیار لە بارەی ڕێزماندروستی و نادروستیی تەکیەکخراوەکانەوە دەدات، ئەمەش بە هۆی توانستەوەیە، کە لە کۆمەڵە یاسایەك پێکدێت، یاخود دوو جۆر لە پێڕەو دەگرێتەوە: (١) هەندێکیان دروستەی قووڵ بەرهەمدەهێنن. (٢) جۆرێکی دیکەشیان دروستەی قووڵ بۆ دروستەی ڕووکەش دەگۆڕن (مەحوی و عومەر، 2004: ١١ ــ ١٢). بەم پێیە پێکهێنەری پۆلی کۆمەڵێک یاسا و بنەمایە، کە ڕۆڵیان لە چارەسەرکردنی کێشەکانی پێوەندیی نێوان دروستەی قووڵ و ڕووکەشدا هەیە، کە لە دوو پێکهاتە پێکدێت: پێکهاتەی بنچینەیی (Base Component)، کۆمەڵە یاسایەکە، ئەرکی پێدانی زانیارییە بۆ بەرهەمهێنانی دروستەی ڕستە. لەگەڵ پێکهاتەی گواستنەوە (Transformational Component)، کە کۆمەڵە یاسایەکی گوێزانەوە لەخۆدەگرێت، ئەمانە بە یاساکانی تەواوکەری (Supplementry Rules) ناسراون، و پێوەندییەکانی نێو ڕستە دەخاتەڕوو، ئەم یاسایانە پێکهاتەی ئەبستراکتی ڕستە، کە واتاکەی هەڵگرتووە بۆ پێکهاتەی بەرهەستە یا کۆنکرێتی دەگۆڕێت، و شێوەی کۆتایی دەخاتەڕوو (دزەیی، ٢٠١٣: ٨٨ ــ ٩٠).

**١.٢.٢: پێکهێنەری پۆلی و دروستەی سینتاپراگماتیکی**

پێکهێنەری پۆلی پەیوەست بە سینتاپراگماتیکەوە سەرباری ئەم ئەرکانەی پێشوو پێڕەوێکە نیشانیدەدات، چۆن و بۆچی کردەی پێوەندی/ لەیەکگەیشتنە زمانییەکە گۆدەکرێت یا لە کاردایە، ئەم کارەش بە هۆی توانستی پراگماتیکییەوەیە، کە ئەرکی "زانینی مەرج و ڕێگای گونجاوی زمانە، تاوەکو ڕێککەوتن لەگەڵ پێداویستی و مەبەستی جۆراوجۆردا بکات" (Chomsky, 1980: 109)، جێگەی ئاماژەپێدانە، ئەمەش ئەو بیرۆکەیە، کە چۆمسکی لە کارەکانی ساڵانی (١٩٨٠) بە دواوە هەستیپێکردووە، لە کاتێکدا لە کارەکانی سەرەتایدا بە شێوەیەک دەیڕوانییە واتا، کە لە ڕێزمانی دروستی ڕۆنانی ڕستەوە بەرهەمدێت و کەسی ئاخێوەر و گوێگر لەسەر بنەمای پێڕەوی ڕێزمانی زمانەکەوە پەیامی لێکتێگەیشتن دەگەیەنن و دەگۆڕنەوە (بڕوانە: فەرەج و کریم، ٢٠٢١: ٤).

وەک دەردەکەوێت پێکهێنەری پۆلی سەرباری ئەوەی لێکدانەوەی زمانییە، کە نواندن و داڕشتنی ئەوەیە و ئەمە دەردەخات، کە چۆن دروستە ئاوەزییەکان (Thought Structure) دەگۆڕێن و دەکرێن بە دروستە زمانییەکان ( Linguistic Structures)، هەروەها دەبێتە پێوەر و بنەما بۆ دیاریکردنی مەودای ئەرکی ڕێزمانی دروستەکاری (Structural Grammar)، و چییەتی و چۆنیەتیی بەکارهێنانی لە دەوروبەردا بە هۆی پەسنکردنی توخمە پێکهێنەرە بەراییەکان و ئەو میکانیزمانەی هێنانەئارا و دانانی دروستە زمانییەکان دەڕەخسێنن (کۆمەڵێک زمانەوان، ٢٠٠٩: ٦١، ٧٤)، بە دەربڕینێکی دیکە دەکرێت بگوترێت: ئەگەر لە سینتاکسدا پێکهێنەری پۆلی پێڕەوی یاسا و دەستورەکانی دووبارە نووسینەوەی دروستەکان بێت، کە لە دوو دەستەی جیاوازیی یاساکان (یاسای بنەڕەت و گواستنەوە)، لەگەڵ دروستەی قووڵ و ڕووکەش پێکهاتووە، کە دوو ئەرکیان هەیە: (١) دیاریکردنی پێوەندییە ڕێزمانییەکانی نێوان ئەلەمێنتەکانی دروستەکان. (٢) دیاریکردنی چۆنیەتیی ڕیزبوونی پێکهێنەرەکان (دزەیی، ٢٠٠٩: ٥٠)، ئەوا لە سینتاپراگماتیکدا لەگەڵیدا خۆی بە توێژینەوە و دۆزینەوەی ئەو مەرجانەی باریشەوە (Situative Conditions) خەریکدەکات، کە تێیدا نێرەر و وەرگر دەربڕاوەکانیان دەردەبڕن و تێیاندەگەن، چونکە پراگماتیک پابەندی توانا (Performance)ـە، ئەرکی زانستیی توێژینەوەی تواناش ئەوەیە، کارتێکردنی گۆڕینۆکە بارییە تاکە تاکەکان لەسەر دروستە و دەق بەرهەمهێنان بپشکنێت. واتە ئەو هۆکارانە دەپشکنێت، کە کاردەکەنە سەر بەرهەمهێنانی دروستەکە و بەردەوام لە گۆڕاندان و جۆراوجۆرن (بڕوانە: کۆمەڵێک زمانەوان، ٢٠٠٩: ٧٣ ــ ٧٥)، بە نموونە بۆ بونیاتنانی ڕستەیەکی وەکو:

١٢) شێنێ دەرمانەکەی خواردووە.

پێکهێنەری پۆلیی ڕستەی (١٢) لەوەوە دەستپێدەکات، کەوا کرداری (خواردن) بە کەرەستەکانی لای ڕاستی خۆیەوە دەبەستێتەوە، بە هۆی کردەی بەستنەوە (Combiuation)ەوە، ئینجا دواتر نواندنەکە وێنای دوای خۆی دەکات، چونکە توانای ئارگۆمێنتداواکەری کردار بۆ دیاریکردنی چەشنی پۆلەڕەگەزی ئارگۆمێنتی دەرەکی دیاریکراوە، بە جۆرێک لە زمانی کوردیدا (خواردن) سەیری لای ڕاست دەکات، بۆ هەڵبژاردنی هەردوو ئارگۆمێنتەکە، بەڵام لە هەنگاوی یەک لە دوای یەک، بە جۆرێک بۆ جێبەجێبوونی خواستە فەرهەنگییەکەی فرێزی تاف (Tense phrase\TP) و ڕوودانی، ئارگۆمێنتی بکەر (کەس) بەپێی پێکهاتە سیمانتیکییەکەی زیاددەکرێت، بۆ ئەوەش ڕاستەوخۆ لە فەرهەنگەوە دەچێتە نێو پێکهاتە واتاییەکەی بەبێ ئەوەی بە پێکهاتە سینتاکسییەکاندا بڕوات (بڕوانە: ١٢.أ):

١٢) أ) [دەرمانەکە خواردووە]$^{T-}$ شێنێ.

لە (١٢.أ)دا پێویستیی واتایی و ئارگۆمێنتی ڕستەکە بەپێی پرەنسیپی گشتیی زمانە سروشتییەکان جێبەجێبووە، کەواتە ڕیزبوونەکەی جیهانییە، بۆیە پێویستە دروستەکە بە سینتاکس بکرێت، تاوەکو دروستەی ڕووکەشی ڕستەکە یا ڕیزبوونی کەرەستەکان پەیوەست بە زمانی کوردییەوە جێبەجێبکرێت. لەم ڕووەشەوە ئاشکرایە، ئاڕاستەی پێدانی دۆخ لە کوردیدا، بە پێچەوانەی ڕیزبوونی سیمانتیکییەوەیە، کە لە چەپەوە بەرەو لای ڕاست دەدرێت، ئەمەش وادەکات بە هۆی ئەلفا بجوڵێنەوە، گواستنەوەی خورتیی بکەر بۆ لای ڕاست ڕوودات، تاوەکو کردەی بە سینتاکسبوون لە زمانی کوردیدا ڕوودات، هەر بۆیە سەرەتا بکەر بۆ Specی TP دەگوێزرێتەوە (بڕوانە: دایاگرامی (١ : ٢) ) بەمەش پێویستیی TP بۆ بوونی بکەر جێبەجێدەبێت، بەم شێوەیە:


١٢) ب) [دەرمانەکە خواردووە]$^{T-}$ شێنێ.

١٢) پ) شێنێ دەرمانەکە خوارد.

١٢) ت) شێنێ دەرمانەکە خواردی. [نواندنی خورتی سینتاکسی (4)]


١٢) د) شێنێ دەرمانەکەی خوارد. [نواندنی خورتی سینتاکسی (٥)]

ئەگەر سەرنجبدەین لە (١٢.أ، ب و پ)دا بە هۆی نەبوونی ڕێککەوتنەوە نەبووەتە ڕستەی کوردی، بەڵکو تەنیا "زنجیرەیەك هێمایە، کە دروستەی قووڵی ڕستەن و لە لایەن یاساکانی دروستەی فرێزەوە بەرهەمهاتوون، بە تێکردنی ئایتمەکان لە لایەن فەرهەنگەوە هەڵگوێزراون" (Thomas & Kintgen, 1974: 38)، بۆیە لەم بارەدا TP توانای پێدانی دۆخی نییە، بەڵکو پاش گواستنەوەی لە Specی TPیەکەوە بۆ Specی فرێزی ڕێککەوتن (Agreement phrase\Agrp) بەرزەدەبێتەوە (بڕوانە دایاگرامی (١ : ٢) )، ئەو کات نیشانەی ڕێککەوتن لە جێی خۆیدا بەجێدەهێڵێت (بڕوانە: ١٢.ت)، تاوەکو لە ڕێگەی نیشانەی ڕێککەوتنەوە کردارە تافدارەکەی TP، دۆخی نۆمینەتیڤ (Nominative Case) بە بکەر بدات، ئەمەش بە هۆی ئەوەی ڕێککەوتن یەکێکە لە سەرە ڕێزمانییەکان، بەوەش پرۆژەی ڕستە، کە ڕێککەوتن سەری ڕێزمانیەتی، تێیدا ڕێککەوتن یان دەکەوێتە سەرەوەی یان خوارەوەی بەوەش پرۆژەکە TP یان Agrpـە (قادر، ٢٠١٥: ٥)، کە تێیدا نیشانەی ڕێککەوتن وەک سەرێکی حوکمکەر لە ڕێگەی TPیەوە حوکمی DPی بکەر دەکات، بەمەش پێوەندیی لە نێوان TP و Agrp دا دروستدەبێت، و TP لە ڕێگەی Agrpیەوە دۆخی ڕێزمانی نۆمینەتیڤی بە جێکەوتەیەکی دەرەکی دەدات (Chomsky, 1993: 170)، و دەبێتە نواندنی خورتیی سینتاکسی (٤).




دیاگرامی (١ : ٢)

بەم شێوەیە، لە دوای گواستنەوەنەکانی دیاگرامی (١ : ٢)ـەوە هێشتا ڕستەی بەرهەمهێنراو بەپێی پێرەوی سینتاکسیی کوردی نییە، چونکە ڕێککەوتن لە نێوان کەسیی بکەر و ئارگۆمێنتی بکەردا ڕوویناداوە، بۆیە دوای ئەوەی بکەر مۆرفیمێکی ڕێککەوتن لە جێگەی خۆی بەجێدەهێڵێت لە (١٢.ت)دا، ئەوا بۆ سەر بەرکاری ڕستەکە دەگوازرێتەوە (بڕوانە: ١٢.د)، واتە نیشانەی ڕێککەوتن، بە یاسای گواستنەوە دەچێتە سەر بەرکاری ڕستەکە، بەوەش نواندنی خورتیی سینتاکسیی (٥) ڕوودەدات، و دەبێتە دروستەی ڕووکەش، کە "دوا ئاستی ڕێزمانیی ڕستەیە، فۆڕمی دەرەوە و بەرچاوی ڕستەکە نیشاندەدات" (باتینی، ١٩٩٣: ١١٤) (بڕوانە: دیاگرامی (٢ : ٢) ).




دیاگرامی (٢ : ٢)

پەیوەست بەزمانی کوردییەوە، بەڵگە و بۆچوونەکان لە شیکردنەوەی نموونەی (١٢)ـەوە ئەوە دەسەلمێنن، کە پێکهێنەری پۆلیی ئاستی سینتاکسیی شێوەزاری سلێمانی لە چەند گواستنەوەیەکی بەرایی و جێگۆڕکێی سینتاکسی پێکدێت، کە بە هۆی یاساکانی پێکهێنەری بنجییەوە جێبەجێدەکرێن، بە جۆرێک ژمـارەیەك لە یاسـای لە ژمارەدا سـنووردار و دیاریکـراو ژمارەیـەکی بێشـومار لـە دروستەی ڕسـتە بەرهەمـدەهێنن، ئەمانەش بە هۆی یاسـاکانـی دانـان و دامەزراندنـی فەرهەنگی، کە لـە فەرهەنگـەوە دەهێنرێـنە نێو ئاسـتی قـووڵی ئـەو پێکهاتەیەوە (مەحوی و عومەر، 2004: ١٩، ٢٤)، دواتر بۆ دروستەی ڕووکەش، چونکە بە شێوەیەکی گشتی گواستنەوە بەسەر دروستەی قووڵدا بۆ بەرهەمهاتنی دروستەی ڕووکەش جێبەجێدەکرێت.

سەبارەت بەوەی لەبەر کام هۆ و بۆ چ مەبەستێک و لە بارەی چییەوە کردەی دەربڕینەکە دەکرێت؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، وەک ئەوەی (گرایس) پەسەندی دەکات، ئەوا چیەتیی گوتنێک لە دەربڕاوێکدا، تەنیا لە واتا باوەکەیەوە ( Conventional meaning) دیاریناکرێت، بەڵکو پشت بە نالێلی و بەهاکانی نیشانەکە لە ناوەرۆکی گوزارشتکردنەکەدا دەبەستێت (ئەحمەد، 2013: 18)، بەواتا دەبێت بگەڕێینەوە بۆ دەوربەر و زانیاریی هاوبەشی نێوان نێرەر و وەرگر، بۆیە ڕستەی (١٢) کاتێک دەچێتە دەوروبەر لە چەند دەربڕاوێک پێکدێت، و واتای جیا، یا دوور لە واتای ڕستەکە بەدەستەوەدەدات، لەوانە:

+ شێنێ نەخۆشە.

+ شێنێ پێویستیی بە دەرمانە.

+ شێنێ لە کاتی خۆیدا دەرمانەکەی خواردووە.

+ شێنێ سوودی لە دەرمانەکەی وەرگرتووە.

کەواتە پێکهێنەری پۆلی لە سینتاپراگماتیکدا، وەک پێڕەوێک لە یاسا و پرەنسیپ ئەرکی نواندنی دروستەی ڕووکەشە، کە فۆڕمی دەرەکی و دروستەی وەچە پێکهاتەی ڕاستەوخۆی زنجیرە وشەکانە، کە بە تێکردنی ئایتمەکان لە لایەن فەرهەنگەوە پشتبەست بە بنەما پراگماتیکییەکانەوە هەڵدەگوێزرێت، و دواتر لە ڕێگەی فۆنیمەکانەوە دەنوێنرێت، ئەم دروستەش بەرانبەر بە دروستەیەکی نادیار و ئەبستراکتە، کە دروستەی قووڵە، و واتا و مەبەستی بەکارهێنانەکەشی پەیوەست بە دەوروبەرەوەیە.

### ٢.٢.٢: پێکهێنەری پۆلیی سینتاپراگماتیکی

هەرچەند نواندنی سینتاکسی پێویستە ئەو زانیارییە فەرهەنگییە بنوێنێت، کە لە لای ئاخێوەران بۆ درکپێکردنی واتای گشتی دەخرێتەکار، چونکە "فەرهەنگ ئەدگارە تایبەتییەکانی ئەو توخمانە لیستە دەکات، کە یەکەی ئەتۆمی سینتاکسی پێکدەهێنن، ئەم تایبەتمەندییانەش ئەوە دەردەخەن، کە توخمەکە وەچەپۆلی چ ئارگۆمێنتێک دەکات" (Black, 1998: 2)، بەڵام لە سینتاپراگماتیکدا مەرج نییە هەمیشە ئەدگاری پۆلەڕەگەز دیاریکردنی توخمە فەرهەنگییەکان ڕەچاوبکرێت، بە نموونە لە دەروازەی فەرهەنگی ناوی کرداریی (زەڕاندن)دا تایبەتمەندیی هەڵاوێرکردنی سیمانتیکی (S-Selection) دیاریکراوە، بە جۆرێک کردارەکە بکەرێکی دیاریکراو وەردەگرێت، بە واتا پێوەندیی هاوڕێیەتیی لەگەڵ تاکە ناوێکدا (کەر/ گوێدرێژ)دا هەیە (بڕوانە: ١٣.أ)، بەڵام پەیوەست بە دەوروبەرەوە ناوی مرۆڤیش دەبێتە بکەری (بڕوانە١٣.ب)، کە لە ڕووی سیمانتیکییەوە نادروستە، هۆیەکەشی بۆ هەڵاوێرکردنی سیمانتیکی دەگەڕێتەوە لە تۆڕی بابەتانەی (باپیر)دا تایبەتمەندیی ئەو ڕۆڵە بابەتانەیەی دیاریکراوە (زەڕاندن)ـە، لە زەڕاندنیشدا مرۆڤ/باپیرە، بەڵام پێکهێنەری پۆلی پەیوەست بە دەوروبەرەوە ئەم ڕستەیە وەردەگرێت، بە جۆرێک ئەم هەڵگواستراوە وەک تێکردەیەک پەیوەست بە بنەما پراگماتیکییەکانەوە دیاریدەکرێت و ڕاڤەی سینتاپراگماتیکییانەی بۆ دەکرێت، چونکە پراگماتیک لێکدانەوەی ئەو دروستانەیە، کە ناوێزەیی و لادانایان پێوەدیارە، یاخود "توانای قسەکەرە بۆ گونجاندنی ڕستە و دەوروبەر" (Levinson, 1997: 21).

١٣) أ) کەرەکە زەڕاندی.

١٣) ب) *باپیر زەڕاندی.

لە (١٣.ب)دا پەیکاڵبوون و گونجانی سینتاکس و پراگماتیک بە هۆی دەستەیەک یاساوە دیاریکراوە، کە دەکرێت ناوی >>پێکهێنەری پۆلیی سینتاپراگماتیکی<< یان لێبنرێت. ماوەتەوە بگوترێت: یەکخستنی ڕایەڵەی یەکە پێکهێنەرەکانی دروستە و دەربڕاوەکان مەرج نییە هەمیشە لە چوارچێوەی بنەما ڕێزمانییەکاندا بێت، بەڵکو پێکهێنەری پۆلی پەیوەست بە سینتاپراگماتیکەوە زۆرجار ڕستەی ناوێزە و نائاسایی بەرهەمدەهێنێت (بڕوانە: ١٤)، چونکە یەکێک لە ئەرکەکانی پراگماتیک چارەسەرکردنی ئەو جۆرە دەربڕاوانەیە.

١٤) تکایە کارەبا بڕا؟.

ناوێزەیی ڕستەی (١٤) لەوەدایە، کە دوو جۆر لە ڕستەیە: (تکایە) لەگەڵ ڕستەی داخوازیدا دێت، (کارەبا بڕا.)ش هەواڵگەیەنە، هەواڵ و داخوازی لە یەک کاتدا ناکرێت.

کەواتە پێکهێنەری پۆلی لە ئاستی سینتاپراگماتیکدا، یا پێکهێنەری پۆلیی سینتاپراگماتیکی نرخپێدانی واتای جۆری و ناجۆری، هەروەها تێکەڵبوونی زانیاریی سینتاکسی و فەرهەنگییە، کە لە بەرهەمهێنانی زانیاریی پراگماتیکیدا بەشداریدەکات، ئەم کارەش بە هۆی توانستی پراگماتیکییەوە دەبێت، کە گرنگی بە سروشتی کردەیی دەربڕاوەکان دەدات، و لەو واتایانە دەتوێژێتەوە، کە بە هۆی

گەیاندنەوە کاریگەردەبن (فەرەج و کریم، ٢٠٢١: ٨)، ئەنجامی ئەوەش، بەرهەستەی ئەوە دەکات، کە (١) یاساکانی پێکهێنەری پۆلی، لە قۆناغی پاش فەرهەنگییەوە جێبەجێدەکرێن، بە واتا بە پڕکردنەوەی جێکەوتەکان و هەبوونی ڕێککەوتنەوە پرۆژە ڕستەییەکان بەرهەمدەهێنن. (٢) پێکهێنەری پۆلی سینتاپڕاگماتیکی بە ڕایەڵەی بەستنەوە و پێکگەیاندنی فەرهەنگ و سینتاکس دادەنرێت، پەیوەست بە بنەما پراگماتیکییەکانەوە، بە جۆرێک بە خستنەگەڕی یاساکانی یەکەم هەنگاوی بەرهەمهێنانی دروستەی قووڵ ئەنجامدەدرێت، دواتر بە جێبەجێکردنی یاساکانی دیکە دروستەکە بۆ دروستەی ڕووکەش دەگوازرێتەوە.

**٢ . ٣ : ئاستەکانی نواندنی سینتاپڕاگماتیکی**

ئامانجی سەرەکی زمانەوانی، بە تایبەت سینتاپڕاگماتیک دەربڕینی پێوەندییەکانی نێوان هەردوو ئاستی (فۆنۆلۆژی) و واتا و مەبەست (فۆڕمی سینتاپڕاگماتیکی)یە، بۆیە لە پاش دیاریکردن و لێکدانەوەی نواندنی دروستە و پێکهێنەری دەربڕاوە سینتاپڕاگماتیکییەکان، گرنگترین پرسیار، کە ڕووبەڕوودەبێتەوە، ئەوەیە، کە لە ڕێکخراوەی پێکهێنەرەکانی ئەو دروستانەدا چەند ئاست دیاریدەکرێت؟ یاخود ئاستەکانی نواندن (Level of Representation)ی دروستەی سینتاپڕاگماتیکی کامانەن؟ لە ڕاستیدا وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە لە خۆیدا تایبەتمەندییەکی دیکەی گرنگی ئەم دروستانە لە زماندا دەنەخشێنێت، چونکە نواندن لە هەر ئاستێکی سینتاپڕاگماتیکیدا بریتییە لەو پرۆژانەی لە لایەن لێکسیمەکانەوە پەیوەست بە دەوروبەر و مەبەستی نێرەرەوە دەسازێن. لەم سازکردنەشدا ئاستەکان تێبینی تایبەتمەندیی وەچەپۆلکردنی کەرەستە لێکسیمەییەکان پەیوەست بە بنەما پراگماتیکییەکانەوە دەکەن، لەم ڕوانگەیەوە، وەک ئەوەی لە بابەتەکانی پێشوودا خراوەتەڕوو، کە تایبەتمەندییەکانی وەچەپۆلکردنی کەرەستەکان پێویستە لەسەر ئاستی (دەربڕاوە سینتاپڕاگماتیکییەکان) ڕازیبکرێن، ئەگەر ئەم مەرجانەش پێشێلبکرێن، ئەوا دەربڕاوەکان سینتاپڕاگماتیکیانە ڕاڤە و لێکدانەوەیان بۆ ناکرێت، بە واتا ئەگەر بمانەوێت تایبەتمەندی و ئەدگارەکانی دەربڕاوەکانی هەر ئاستێک لە زمانێکی دیاریکراودا بخەینەڕوو، ئەوا پێویستیمان بە وەڵامدانەوەی ئەو سێ پرسیارە دەبێت، کە (May) بۆ خستنەڕووی تایبەتمەندییەکانی هەر ئاستێکی زمانەوانی دایناوە، ئەوانیش بریتین لە:

1. چۆنیەتیی دەستکەوتنی ئەو ئاستە لەگەڵ فۆڕمە سروشتییەکان لەو ئاستەدا؟ بە واتا بەڵگەکانی هەبوونی (دروستە و یەکەی سینتاپڕاگماتیکی) لە زمانی کوردیدا.

2. چۆنیەتیی هەڵگواستنی ئەم ئاستە؟ بە واتا تایبەتمەندییەکانی ئاستی (دروستەی سینتاپڕاگماتیکی) لە زمانی کوردیدا چین؟ تا بتوانرێت چۆنیەتی و چیەتیی هەڵگواستنەکەی شیبکرێتەوە، واتە پێکهێنەرەکانی نواندنی دروستەی سینتاپڕاگماتیکی.

3. مەرج و کۆت و بەندەکانی فۆڕمدروستی و فۆڕمناردوستی ئەو ئاستە دیاریکراوە چین؟ واتە بنەما سەرەکییەکانی سینتاپڕاگماتیک. (بڕوانە: قادر، ٢٠١٢: ٦٠ + May, 1985: 3)

تەنیا لە ڕێگەی وەڵامدانەوەیەکی قووڵ و پێوەندیداری ئەم سێ پرسیارەوە، دەتوانرێت هێڵە گشتییەکانی نواندنی سینتاپڕاگماتیکی ڕاڤەبکەین، چونکە لە ڕێگەی گریمانە دیاریکراوەکانی پەیوەست بە یاساکان و چۆنیەتیی هەڵگواستنی نواندنەکان و مەرج و کۆت و بەندە بنەڕەتییەکانەوە دەتوانرێت ئاستێکی ڕێزمانی وەک سینتاپڕاگماتیک نەخشەبکێشرێت. لەم ڕووەشەوە زمان ڕێگای جۆراوجۆری بۆ پێکهێنان و لێکدانی دروستەی دەربڕاوە سینتاپڕاگماتیکییەکان دابینکردووە، بۆ نموونە دەربڕاوێکی وەک:

(١٥) باپیر پارەت هەیە؟

ئەگەر بڕوانینە نموونەی (١٥)، وەک ڕستەی دەقی (Textual Sentence)، یا ڕستەی بەکارهێنراو و پەیوەست بە دەوروبەرەوە، کە لەم بارەدا پراگماتیکیش شانبەشانی پێکهاتەی سینتاکسی و واتایی پێویستە، چونکە واتای پێویست بە پێکهاتەکانی دیکە دەدات (دزەیی، ٢٠١٥: ١١٣)، بە جۆرێک ناڕاستەوخۆ لە لایەن نێرەرەوە بۆ پرسیارکردن دەربڕاوە، بەڵام لە دەوروبەردا چەندین ڕستەیە، یا چەندین واتای هەیە، لەوانەیە (مەبەستی بێت)، کە:

+ بە قەرز بیداتێ.
+ یارمەتی بدات.
+ شتێکی هەرزان هەیە بیکرێت.
+ لە شوێنێکی باش هەڵیگرێت.

بەم شێوەیە لە ڕێکخراوەی پێکهاتەکانی دروستەی دەربڕاوی (١٥) چوار ئاست دیاریدەکرێت، لێرەوە بە کورتی ئاماژەیان بە هەریەکەیان و چۆنیەتی کارکردنیان لە دروستە سینتاپڕاگماتیکییەکاندا دەدرێت:

**٢.٣.١: دروستەی فۆنۆلۆژی**

دروستەی فۆنۆلۆژی، "پەسنی دروستەی ئەو دەنگە نادیارانەی وشەکان دەکات، کە لە یادگەدا گەنجکراون" ( Sutherland, 2006: 4)، بە واتا پێڕەوی دەنگەکانی زمانێک دەخاتەڕوو، و بە هۆیەوە زمان بە پێڕەوی درکپێکراوی (دەربڕین/ دەرکردە)وە دەبەسترێتەوە، لە ڕێگەی کردەی بەکۆدکردن (Encoding)ـەوە، کەواتە پێواژۆی گۆڕانی بیری مرۆڤ بۆ دەنگ یان وێنە (وشە) دەگرێتەوە (مێلین، 2010: 54)، ئەمەش سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە، کە ئەرکی سەرەکی ئەم دروستەیە بەستنەوەی دەنگە بە واتاوە لە کردەی نووسین و قسەکردندا، یا گواستنەوەی کۆدەکانە لە نێرەرەوە بۆ وەرگر، چونکە ئەم دروستەیە "یاساکانی نمایندەی فۆنۆلۆژی لەسەر ڕۆنانی سەرەوە پیادەدەکات" (جێرمان و لۆبلان، ٢٠٠٦: ٩١).

کەواتە دروستەی فۆنۆلۆژی لە نواندنی سینتاپراگماتیکیدا پەیوەست دەبێت بە وەرگرتنی زانیارییەکان لە فەرهەنگەوە، و بەرهەستەکردنیان بە هۆی نواندنە فۆنۆلۆژی/ فۆنەتیکییەکانەوە، و گەیاندنی بە کەسانی دیکە، چونکە پەیوەست بە ئاستی دەربڕینەوە، زمان فۆڕمە نەک کەرەستە (دەنگەکانی زمانی ئاخاوتن)، هەروەها بەرهەستەبوون بە کەرەستەی بەرایی و لە کەرەستەی بەراییدایە. دەنگەکان لە ئاستی دەربڕیندا بەرهەستەدەبن، هەروەها لە لایەکی دیکەشەوە، پێڕەوی فۆنۆلۆژی چەشن و چۆنیەتیی ڕێکخستنی ناوەوەی توخمە پێکهێنەرەکانی فۆنۆلۆژییە، ئەمانەش ڕێکخراوەی فۆنۆلۆژی (phonological organization) پێکدەهێنن، کە ئەرکی پێڕەوەکە لەسەر ئاستی فۆنۆلۆژی، وەک ڕەگەز و توخمە پێکهێنەرەکانی دیکەی پێڕەوی زمان، بۆ بەجێهێنانی ئەرکە (بۆ گۆکردن و نووسینە) (بڕوانە: مەحویی (ب) ٢٠٠٨: ١ ــ ٢).

بەم جۆرە دروستەی فۆنۆلۆژی هەر زمانێک بە هۆی پێڕەوێکی دیاریکراوەوەیە، کە ئەرکی سەرەکی پەسنکردنی پێڕەوی دەنگەکان و تەرزی دەنگەکان (چەشن و جۆری خستنە تەکیەکەکان)ـە، هەروەها بەرپرسە لە پەسنکردنی دەربڕین، وەک دیاردەیەکی فیزیکی (Pierrehumbert, 1990: 375)، و گەیاندنی بە وەرگر، چونکە دەنگەکان وەک زنجیرەیەکی بیستراو یا نووسراو لە بۆتەی دەربڕینەکاندا بەرهەستە دەبن، بە گوتەیەکی دیکە ئەم دروستەیە نواندنە سینتاکسییەکە بۆ نواندنی فۆنەتیکی دەگۆڕێت، کە دەرکردە (output)ی فۆنەتیکیمان بۆ هەردەربڕاوێک پێدەبەخشێت، ئەمەش بە هۆی ئەوەی "پلەیەکی خوارتری/ نزمتری فۆنۆلۆژیی (دەنگەکانی زمانی ئاخاوتنی مرۆڤ) ئەرک و گۆکردنیان بۆ ئەوەیە، لێکبدرێن و یەکە بەرزترەکانی ڕێزمان (وشە) دروستبکەن" (مەحویی (أ)، ٢٠٠٨: ٦).

ڕوونکردنەوەکان دووپاتی ئەم ڕاستییە دەکەنەوە، کە "نواندنی فۆنۆلۆژی، دەرئەنجامی پێڕەوکردنی ڕێسا و بنەما فۆنۆلۆژییەکانە، کە نواندنەکانی بایەخ بە کۆزانیاریی پەنهانی قسەکەر دەدات، و دەکەوێتە ژێر ڕکێفی زانیارییەکانی نێو مێشکەوە" (Pierrehumbert, 1990: 375)، چونکە ئەو دەنگانەی نێرەر لە منداڵییەوە لە نێو مێشکیدا گەنجیکردوون، ئەوا لە چەند پێواژۆیەکی ئاڵۆزی زمانیدا دەیانخاتە پاڵیەکەوە بۆ دروستبوونی زنجیرەی دەنگ لە کردەی ئاخاوتن و نووسیندا بۆ پێوەندیکردن بە کەسانی دیکەوە. هەر پەیکاڵ لەگەڵ ئەم تێڕوانینەیە لە زماندا بە جیاکردنەوەی ئاستەکانی (دەربڕین ــ Expression) و (ناوەرۆک ــ Content) پلەکانی فۆنۆلۆژی و ڕێزمان لەیەکجیاکراونەتەوە، ئەمەش بە هۆی ئەوەی لەسەر ئاستی دەربڕینی زمان (فۆڕم/شێوە) بە لانی کەمەوە دوو پلە هەیە، پلەیەکیان ئەوەی دەنگە و ئەوی دیکەیان ئەوەی وشەیە، کە فۆنۆلۆژی دەنگەکان پەسندەکات، ڕێزمانیش شێوەی وشە، سینتاگما، بەش ڕستە و ڕستەکان، و پراگماتیکیش واتا و مەبەستی ڕستەکان و چۆنیەتیی بەکارهێنانیان لە دەوروبەردا (بڕوانە: مەحویی (أ)، ٢٠٠٨: ٥).

**٢.٣.٢: دروستەی سینتاکسی**

دروستە یا زانیاریی سینتاکسی تاکە ڕێگەیە بۆ دیاریکردنی نواندنی سینتاپراگماتیکی، ئەمەش بە هۆی ئەوەی یاساکانی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە تایبەت نین تەنیا بە دروستەی ڕستە و چۆنیەتیی پێکهاتنیانەوە، بەڵکو بەشداری لە دارشتنی پەسنیی ئەرکی ڕستەکانیشدا دەکەن (کەمال، 2002: 80)، بە دەربڕینێکی دیکە زمان بەوەوە خەریک دەبێت، نێرەر کەی و لە کوێدا چ دەڵێت، چۆنی دەڵێت و بۆ وا دەڵێت؟، چونکە هەرچی لە زماندایە بە دەوروبەرەوە بەستراوەتەوە، یا واتا و مەبەستی ڕاستەقینە لە بەکارهێنانی زمانییەوە دەردەکەوێت، کەواتە بەم شێوەیە لە سینتاپراگماتیکدا "داهێنانی زمانەوانی بریتی نابێت لە توانستی قسەکەر بۆ دروستکردنی یا ڕێکخستنی ڕستەی نوێ وەک تەحویلییەکان دەڵێن، بەڵکو توانای قسەکەرە لە داهێنانی واتادا" (فەرهادی، ٢٠٠٨: ٣٧)، هەروەها لە لایەکی دیکەشەوە گەڕان بە دوای واتا و مەبەستی دروستە سینتاپراگماتیکییەکان گەڕانە بە دوای توانستی پێوەندیکردنەوە (communicative competencs)، ئەمەش بە هۆی ئەوەی "دەوروبەر بەشێکە لە هەموو پلاندانانەکە...

جیاوازییەک لە نێوان چی دەڵێین و چۆن دەیڵێیندا نییە؟ زمان دەبێتە زمان بە هۆی بەکارهێنانی لە باری دەوروبەردا" (Halliday, 1978: 33).

دروستەی سینتاکسی، بە شێوەیەکی گشتی زانینی چۆنیەتیی خستنەتەکیەکی وشەکان بۆ دروستکردنی فرێز و ڕستەکان دەگرێتەوە، کە شیکردنەوە و پەسنکردنەکەی بۆ ئەوەیە بزانرێت تەکیەکخراوەکە لە کام تەرزە سینتاکسییە، و چ جۆرە دروستەیەکی هەیە، واتە تێیدا باس لە ئەرک و ڕۆڵی کەرەستەکان دەکرێت، بە گوتەیەکی دیکە بە بڕوای زۆرینەی زمانەوانان، سینتاکس لە کۆمەڵە یاسایەکی جۆراوجۆر پێکدێت، کە هەموویان پێکەوە دەستگایەك لە یاسا و پرەنسیپ پێکدەهێنن، بە هۆیەوە توێژینەوە لە خستنەتەکیەک و ئاوێتەبوونی ئەلەمێنتەکان لە دروستەی فرێز و دەستەواژە و ڕستەکاندا دەکرێت، بە واتا لە دروستەی فرێز و ڕستەدا کاردەکەن و ڕێزمانێکی پەسنیی زمانی دایك بەرهەستە دەکەن، کە دیاردە زمانییەکان لێکدەداتەوە و شیکردنەوەیەکی زانستیش بۆ ڕستەکانی زمان، کە (دەربڕی بیری قسەکەرن) دەکات. ئەمە جگە لەوە، کە سینتاکس فەرهەنگی زمانی تێدایە پەسنێکی تەواوی ئەو زانیارییە خۆڕسکانە دەکات، کە قسەکەری زمانێک لە بارەی زمانەکەیەوە هەیەتی، ئەوانیش بریتین لە:

1. چۆنیەتیی ڕیزکردنی وشەکانی زمان، بەجۆرێك کە پێوەندیی هاونشینی (syntagmatic) لە نێوانیاندا دروستببێت، بۆ ئەوەی فۆڕمی دروستە سینتاکسییەکانیان لێدابڕێژرێت.

2. توێژینەوە لەو شوێنانەی، وشە لە ڕستەدا وەریاندەگرێت، واتە سینتاکس خۆی بە پێوەندییە واتایی و ڕێزمانییەکانی نێوان کەرەستەکانی ڕستەوە خەریکدەکات.

(سدیق و حسەین، 2013: 6 ــ 7)

ئەم زانیارییانە سینتاپڕاگماتیکیش دەگرێتەوە، لەبەر ئەوەی سینتاکس و پڕاگماتیک پێکەوە بڕیار لە بارەی بەکارهێنانی دروستە سینتاکسییەکان و دروستییان لە دەوروبەردا دەدەن. ئەم دوو ئەرکە سەرەکییەی سینتاکسیش لە نێو میشکدا ئەنجامدەدرێن، کە لە سایکۆلۆژیای زماندا مامەڵەکردنی مێشک بۆ سینتاکس بە >>پارسینگ ــ Parsing<< ناوزەدکراوە (مێلین، 2010: 17).

**٣.٣.٢: دروستەی واتایی**

ئەرکی ڕاستەقینەی ئەم دروستەیە شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی واتایە بۆ دروستە زمانییەکان، بە واتا ئەو فۆڕم و دروستە زمانییانەی لە ڕێگەیانەوە نێرەر ئاماژە بۆ شت، کەس، ڕووداو و ... تاد. دەکات، چونکە نە زمان بە بێ واتا، نە واتاش بە بێ زمان دەرنابڕرێن (فتح الله،2015 : 104)، وەکو ڕاستییەکی بناخەییش لە زانستی زماندا ئەوە یەکلابووەتەوە، کە واتا سروشتێکی >>پۆتێنشیاڵ ــ Potential<<ی هەیە، واتە هەڵگری توانستێکی شاراوەیە، کە دەکرێت بگۆڕیت یا گەشەبکات (مێلین، 2010: 36)، لەم تێڕوانینەوەیە، ڕستە و دەربڕاوە سینتاکسییەکان دوو جۆر لە واتایان دەبێت، یەکێکیان واتای سیمانتیکییە، کە نەگۆڕ و جێگرە، یاخود واتایەکی گشتی و ئاشکرایە، لەگەڵ واتایەکی شاراوە، یا نائاسایی کە واتا و مەبەستی پڕاگماتیکی دەگرێتەوە، لەم ڕووەوە، ئەگەر بڕوانینە نموونەی (١٥)ی پێشوو، یا زۆربەی نموونەکانی دیکە، کاتێک دەخرێنە دەوروبەرەوە، یا وەک دەربڕاوێک مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، ئەوا واتاکەیان لە واتا سیمانتیکییەکەیان جیاوازدەبێت، بە جۆرێک لە واتای سیمانتیکیدا واتاکەیان لە یەکە یەکەی وشەکان و سەگمێنتەکانی دیکەی ڕستەکانەوە بەدەستدێت، بۆیە گۆڕانی مەبەستەکەشیان تەنیا بە هۆی ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتییەوە دەبێت، بەڵام واتا و مەبەستە پڕاگماتیکییەکەیان بە هۆی کەس و دەوروبەرەوە دەگۆڕێت (بڕوانە: عەلی، ٢٠١١: ١٤١)، چونکە هەریەکەیان چەندین واتای شاراوە لەخۆیاندا هەڵدەگرن بەپێی ئەو دەوروبەرەی تێیدا بەکاردێن، یا بە گوێرەی ویستی نێرەر، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر با بڕوانینە ئەم نموونەیەش:

١٦) دەزانم ماڵتان لە کوێیە.

واتای ناڕاستەوخۆی دەربڕاوێکی چەشنی (١٦) لە سینتاپڕاگماتیکدا بە هەڕەشە لێکدەدرێتەوە، کە ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی بە پرۆسەی سۆراخکردنی وشە یا >>پارسینگ ــ Parsing<<ەوە پەیوەست نییە، بەڵکو بە هۆی بنەما پڕاگماتیکییەکانەوە دەبێت، کە پێویستی بە زانیاریی پتر دەبێت، بە گوتەیەکی دیکە ڕێساکانی ئێمە بۆ بەکارهێنانی زمان دەگرێتەوە، ئەمە لە کاتێکدا واتا ڕاستەوخۆیەکەی لە ڕێگەی ئەرکی ئاسایی وشە و سینتاکسییانەوە دەبێت. ماوەتەوە بڵێین: هەرچەندە بەکارهێنەرانی زمانی زگماک بە هۆی >>پێڕەوی ئاوەزی ــ Computational System<<یەوە بەردەوام لە واتا و مەبەستی ناڕاستەوخۆ دەگەن، بەڵام نازانن لە چ ساتێکدا، یا قۆناغێکی پێواژۆی سۆراخکردنی وشەدا لە جۆرێکی شرۆڤەکردنەوە بۆ جۆرەکەی دیکە دەڕۆن (مێلین، ٢٠١٠: ٧١)، بۆیە

لە دروستەی واتاییدا هەردوو جۆرەکەی واتا، کە واتای سیمانتیکی و پڕاگماتیکی دەربڕاو دەگرێتەوە، لە بەردەم وەرگردا ئەگەرێکی کراوەن.

کەواتە دوو جۆرە واتا هەیە، یەکیان تایبەتە بە زمان و توانستەوە، یا بریتییە لە توانای هەڵبژاردنی مەرجەکان بۆ ئەو دانە فەرهەنگییانەی ڕستە، تا واتایەکی فەرهەنگی و ژێربێژیی دروستیان هەبێت، بۆ نموونە:

(١٧) *باپیرەم بوخچەی نەکراوەیە.

هەموو ئاخێوەرێکی ڕەسەنی زمانی کوردی دەزانێت، کە ڕستەی (١٧) لە ڕووی واتاوە نادروستە و لۆژیک ڕێگا بە واتایەکی لەم چەشنە نادات (بڕوانە: ئەحمەد، ٢٠٢١: ١١٢ ــ ١١٣)، چونکە بنەمای تێدا بەزێنراوە، هۆیەکەشی بۆ هەڵاوێرکردنی سیمانتیکی لە تۆڕی بابەتانەی (باپیرە)دا دەگەڕێتەوە، چونکە تایبەتێتیی ئەو ڕۆڵە بابەتانەیەی دیاریکراوە (ــ ژنهێنان/ بوخچەی کراوە)یە، ئەمە لە کاتێکدا لە ڕووی ڕیزبوونی کەرەستە و داواکردنی ڕێزمانییەوە هیچ گرفتێکی نییە، بۆیە ئەمە لە سینتاپڕاگماتیکدا نابێتە گرفت، بە واتا ڕستەکە لێکدانەوەی بۆ دەکرێت، چونکە "سیمانتیک بە مەرجی ڕاستییەوە (Truth Conditions) پابەندە، بەڵام پڕاگماتیک بەو مەرجەوە پابەند نییە" (نحلە، ٢٠٠٢: ١٢)، بەڵکو زۆرجار گونجان دەبێتە جێگەی متمانە، لە ڕێگەی ئەو پێوەندییەی لە دەوروبەردا بۆی دەدۆزرێتەوە، بە دەربڕینێکی دیکە زۆرجار ئامانج لە بەکارهێنانی دەربڕاوەکان گەیاندنی ڕاستی و ڕاستەقینە نییە، بەڵکو هێنانەئارای شێوازێکی کاریگەرە، بە هۆی ڕۆنانێکی وردتر لە ڕۆنانە باو و سواوەکانی زمانی ئاسایی (کوهن، ١٩٨٦: ٤٦). هەروەها لە لایەکی دیکەشەوە لە تێڕوانینی فەلسەفی و فەیلەسوفەکانەوە، زمان پێڕەوێکە لەسەر دوو دەستە یاسا دامەزراوە: (1) یاساکانی ڕۆنان. (2) یاساکانی ئاڵوگۆڕ، یا ئاڵوگۆڕکردن. (کارناپ، ١٣٨٥: ٣١)، کە لە لۆژیکدا ئاڵوگۆڕ لە ڕۆنان گرنگترە، چونکە ڕستەکان ئاڵوگۆڕن، بە جۆرێک دەرفەتی ئاڵوگۆڕکردنی ڕستەیەک بە ڕستەیەکی دیکە، یاخود هەڵهێنجانی ڕستەیەک لە ڕستەیەکی دیکەوە دەڕەخسێنن.

بەم شێوەیە ڕوونکردنەوەکان دەریدەخەن، کە جۆری دووەمی واتا تایبەتە بە قسەکردن و دەربڕینەکانەوە، کە واتایەکی ناڕاستەوخۆیە یا پێوەندییە، بۆیە لەم جۆرە واتایەدا چۆنیەتیی دیاریکردن و لێکدانەوەی ویست و مەبەستی قسەکەر ( Speaker Intentions) لەگەڵ بیرۆکە یا مانا و مەبەستی دەربڕاو گرنگ و شایانی توێژینەوەیە (نحلة، ٢٠٠٢: ١٢)، بە نموونە، کە کەسێک دەڵێت:

(١٨) ماسی بە چی دەژێیت؟

واتا و مەبەستی قسەکەر لە دەربڕاوی (١٨)دا هێنانی پەرداخێک ئاوە، نەک پێویستیی بە زانیارییەکی زانستی بێت، وەک ئەوەی (ماسی بە ئۆکسجینی تواوە و لە ژێر ئاودا دەژێیت)، کەواتە ئەم دەبڕاوە مانای زیاتر لەوەی بە هۆی وشەکانییەوە دەربڕاوە دەگەیەنێت.

**٢ . ٣ . ٤: دروستەی شوێنی چەمکی**

دروستەی شوێنی چەمکی (Spatial)، بە ئاستی هێڵکاریی دەربڕین دانراوە، بە شێوەیەک هەر ڕستەیەک پەسنی دیمەنێک دەکات و بۆشاییەک، یا شوێنێک لە مێشکدا داگیردەکات (حسەین، ٢٠١١: ١٣)، یا ئەو بیرۆکەیە، کە ئاخێوەر دەیەوێت بیگەیەنێت. لە سینتاپڕاگماتیکدا دەبێت وێنەی ئەو دیمەنە یا بیرۆکەیە لەگەڵ دەوروبەر، یا مەبەست و نیازی نێرەردا بەراوردبکرێت، ئەم کردەیەش پێویستیی بە زانیاریی پتر و گەڕانی وردتر دەبێت، بەو واتایەی پێویستیی بە بنەما سینتاپڕاگماتیکییەکان دەبێت بۆ >>بەبیرداهاتنی سینتاپڕاگماتیکی<< یاخود >>چەمکی سینتاپڕاگماتیکی<<، کە بونیاتی زانین و درکپێکردنی ڕستە و دەربڕاوەکان لە دەوروبەردا دیاریدەکات، بە شێوەیەک بە هۆی "توانستی پڕاگماتیکی تایبەتمەندیی دەربڕینە زمانییەکان و بەکارهێنانەکانی بە یەکەوە دەبەستێتەوە، ئەم توانستە کاتێک لە ڕێزمان جیبەجێدەبێت، کە توانای ئەوەی هەبێت کارلێککردنی نێوان بونیاتی زمان و ئەرکە گەیاندنەکەی بدۆزێتەوە" (دزەیی، ٢٠١٥: ١١٥)، بۆیە دەکرێت بگوترێت: مەبەست لە بەبیرداهاتنی سینتاپڕاگماتیکی "هەموو ئەو شتانەیە کە لە گوتنەوە هەڵدەهێنجرێت، سەربارەی ئەو مەسەلە دەرەکییانەی کە ئاماژەی بۆ دەکەن ــ ئەویش بە پشت بەستن بە بنەماکانی پڕاگماتیکی نەک بە گەڕانەوە بۆ واتا دانراوەکان" (عەلی، ٢٠١٠: ٥٧).

لەمەی پێشووەوە تێبینیدەکرێت، کە لە بەبیرداهاتنی سینتاپڕاگماتیکیدا واتای فەرهەنگی و واتای سینتاکسی ئامانج نییە، بەڵکو ئەو واتایە مەبەستە، کە پەیوەست بە هەردوو لایەنی دروستەیی و پڕاگماتیکییەوەیە، کە دروستە و بەکارهێنانەکان دەگرێتەوە. بە دەربڕینێکی دیکە بەبیرداهاتی سینتاپڕاگماتیکی "مەسەلەی بەرانبەرکردنی ڕەگەزە زمانییەکانی زمانەکەیە، لەگەڵ ڕەگەزی وێنە سکیماییەکانی دەوروبەر" (ویدۆوسن، ٢٠٠٨: ١٠٠)، و بەوە دەناسرێنەوە، کە لە کۆمەڵێک چەمکی چەسپاو پێکنەهاتووە، بەڵکو سەر بە کۆمەڵیک بەستراوی هاوبەشە، لە کەلتورێکەوە بۆ کەلتورێکی دیکە، یا لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە، یاخود لە کات و شوێنێکەوە بۆ کات و شوێنێکی دیکە لێکدانەوە و ڕاڤەکردنەکەی دەگۆڕێت، بە واتا بەپێی

تایبەتمەندیی کەلتوری و توانستی ڕۆشنبیری و ژیریی جیاواز و سەربەستە، بۆیە "لەسەر ئەو گریمانەیە بەندە کە بەشدارییەکانی قسەکەران بە یەکەوە بەستراون و بە بنەماکانی هاریکاریشەوە سنووررێژکراون، کەوا پێویست دەکات هەریەک لە قسەکەر و گوێگرەکە هەوڵبدەن بۆ گەیشتن بە حاڵەتێکی پراگماتیکی سەرکەوتوو" (عەلی، ٢٠١٠: ٥٧)، لە ڕێگەی توانستی پراگماتیکییانە (pragmatic competence)ـەوە، کە ئەویش زانینی ڕواڵەت و واتایە بە هۆی دەوروبەرەوە (Canale & Swain, 1980: 20).

## ئەنجامەکان

**توێژینەوەکە بە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتووە:**

**١.** بەپێی شیکردنەوە و بەڵگەهێنانەوەکان، لەگەڵ ئەو ئەنجامانەشی لە خاڵەکانی دواتر دەخرێنەڕوو، نواندنی سینتاپراگماتکییانەی ڕستە لە زمانی کوردیدا، گوزارشت لە چۆنیەتیی بیرکردنەوەی تاک بەرانبەر بە بەکارهێنان و مەبەستەکەی دەکات، ئەم بابەتەش زمان هەم بە بیر، هەم بە دنیا و دەوروبەرەکەی لە چوارچێوەی بەکارهێناندا دەبەستێتەوە.

**٢.** دروستەی سینتاپراگماتیکی ئەو واتا و مەبەستانە دەگرێتەوە، کە پرۆژە سینتاکسییە لە دەوروبەر بەکارهێنراوەکان بەهۆی ئاستی فۆرمەلی زمانەوانییەوە دەریدەبڕن، بە هۆی دەستەیەک یاساوە، کە بە یاساکانی >>پێکهێنەری پۆلی سینتاپراگماتیکی<< ناسراون.

**٣.** توێژینەوەکە وەک ئەنجامێکی ئەزموونبەند ئەو ڕاستییە دەخاتەڕوو، کە پاش ڕوودانی گواستنەوەکان لە دروستەی قووڵەوە بۆ درووستەی رووکەش و بونیاتنانی پرۆژەی ڕستەیی، نەخشە بۆ بەکارهێنانی پرۆژەی پاشڕستەیی (post sentiential) سینتاپراگماتیک دەکێشرێت.

**٤.** ئەنجامی پراکتیکی توێژینەوەکە نیشانیدەدات، بەشێک لە دروستە سینتاکسییەکان هاوتایەکی پراگماتیکییان هەیە بە پێچەوانەشەوە، بە واتا لە سینتاپراگماتیکدا هەر چەشنە وەچە پێکهاتەیەکی سینتاکسیی ڕستەیەک پەیکاڵە لەگەڵ وەچە پێکهاتەیەکی سیناپراگماتیکی لە دەوروبەر و بەکارهێناندا.

**٦.** گۆکردن و نواندنە سینتاپراگماتیکییەکان، پێوەندیی ڕێزمانی نیوان پێکهاتە سینتاکسییەکانە، کە لە نێو ڕستە و دروستەی دەربڕاوەکاندا پەیوەست بە دەوروبەرەوە وەریدەگرن، بە جۆرێک دروستەکان هەڵگری زانیاریی دونیایین، کە ئەو زانیارییانە دەبنە زانیاریی هاوبەشی نێوان ئاخێوەران و بەکارهێنەرانی زمانەکە.

**٧.** نواندنی سینتاپراگماتیکی، مۆتیڤی بەرهەستەکردن و نیشاندانی زانیاریی هەڵگیراوی نێو توخمە فەرهەنگییەکانە، واتە سەرلەبەری ئەو زانیارییە پراگماتیکی و سینتاکسییانەی پەیوەست بە دەوروبەر و بەکارهێنانەوە لە ناواخن/ نێوەندی هەر توخمێکی فەرهەنگیدا هەن، سینتاکسییانە دەخاتەڕوو.

## سەرچاوەکان

### یەکەم: بە زمانی کوردی


- ئەحمەد، بڕوا ڕەسوڵ (٢٠٢١)، گەنجینەکردنی زانیاری لە فەرهەنگی عەقڵیدا ــ لە نێوان تیۆری شەبەنگی دەنگەکان و تیۆری تەونی سیمانتیکیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە.
- ئەحمەد، تریفە عومەر (٢٠١٣)، پراگماتیکی فەرهەنگی و پێکداچوونی پێکهاتەکانی، نامەی دکتۆرا، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
- ئیسماعیل، شیلان ئەحمەد (٢٠١٥)، تێکردە بیرییەکان لە پەیکاڵبوونی (فۆرم) و (واتا)دا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
- باتینی، محەمەد ڕەزا (١٩٩٣)، ئاوڕێکی تازە بۆ سەر ڕێزمان، وەرگێڕانی، قازی، حەسەن، چاپ و بڵاوکردنەوە: سوید.
- جێرمان، کلۆد و لۆبلان، ڕیمۆ (٢٠٠٦)، واتاسازی، وەرگێڕانی: یوسف شەریف سەعید، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و توێژینەوەی بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
- حسەین، شیلان عومەر (٢٠١١)، پەیوەندیی سینتاکس و سیمانتیک لە ڕێزمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
- خەتیب، ئەحمەد شەفیق و ڕامۆس، فرانسیسکۆ یوس و بوقرە، نعمان (٢٠٢١)، پراگماتیک، وەرگێڕانی: خۆشناو، نەریمان عەبدوڵڵا، یەکەم چاپ، ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
- دزەیی، عەبدولواحید موشیر (٢٠٠٩)، واتاسازی ــ چەند لێکۆڵینەوەیەکی سیمانتیکی و پراگماتیکییە، یەکەم چاپ، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی، هەولێر.
- دزەیی، عەبدولواحید موشیر (٢٠١٣)، ڕستەسازیی ڕۆنانکاری و گوێزانەوە، چاپی یەکەم، ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانە؟، هەولێر.
- دزەیی، عەبدولواحید موشیر (٢٠١٤)، زانستی پراگماتیک، یەکەم چاپ، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، بێ چاپخانە؟، هەولێر.
- دزەیی، عەبدولواحید موشیر (٢٠١٥)، ڕێزمان و واتا، سێیەم چاپ، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانە؟، هەولێر.
- سدیق، فاروق عومەر و حسەین، ئازاد ئەحمەد (2013)، بنەما و یاساکانی داڕشتنی کرداری لێکدراو، گۆڤاری زانکۆی کۆیە ــ زانستەمرۆڤایەتییەکان،

ژمارە (28)، زانکۆی کۆیە، کۆیە.

- سەعید، سازان زاهیر (٢٠١٩)، نواندنی سینتاکسیی لە زمانی کوردییدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
- سەعید، سازان زاهیر (٢٠٢٠)، پراگماتیکی فەرهەنگی هەمبەر بە سیمانتیکی فەرهەنگی، گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە، (Vol. 3)، (No. 7)، زانکۆی هەڵەبجە، هەڵەبجە.
- سەعید، محەمەد مەجید (٢٠١٥)، فەرهەنگ و پرۆسەی بە لێکسیمبوون، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
- عومەر، نەوزاد ئەنوەر (٢٠١٤)، هەندێ لایەنی کۆمەڵایەتیی پراگماتیک لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، سکوڵی زمان ــ فاکەڵتی زانستەمرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
- عەلی، بەکر عومەر و حسەین، ئازاد ئەحمەد (٢٠١٣)، دەوروبەری زمانی ــ لێکۆڵینەوەیەکی سینتاکسی ــ پراگماتیکییە، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی (B ــ زانستەمرۆڤایەتییەکان)، ژمارە (٤٢)ی ئەیلول، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
- عەلی، تاڵیب حوسێن (٢٠١٩)، شیکردنەوەی گوتار ــ شانۆگەری، ڕۆمان، تەنز، شیعر ــ، یەکەم چاپ، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
- عەلی، شێرزاد سەبری (2011)، واتا د ناڤبەرا سیمانتیک و پراگماتیکێدا، چاپا ئێکێ، دەزگەها سپیریز یا چاپ و وەشانێ، چاپخانەیا خانی، دهۆک.
- عەلی، محەمەد محەمەد یونس (٢٠١٠)، سەرەتایێک بۆ زانستەکانی واتاسازی و پراگماتیک، وەرگێڕانی: خۆشناو، نەریمان عەبدوڵڵا، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاوێر ــ ژمارە (٤٧)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- فتح الله، محمود (2015)، واتا لە زماندا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، (Vol. 2)، (No. 5)، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە.
- فەرهادی، ساجیدە عەبدوڵڵا (٢٠٠٨)، ڕستە و پاش ڕستە ــ تێڕوانینێکی ئەرکی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر.
- فەرەج، شاخەوان جەلال حاجی و کریم، ئاسۆ عبدالرحمن (٢٠٢١)، دابڕانی توانستی پراگماتیکییانە لە فێربوونی زمانی دووەمدا (فێربوونی زمانی کوردی بە نموونە)، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستەمرۆڤایەتییەکان، بەرگی (٢٥)، ژمارە (٣)، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
- قادر، ئاوات ساڵح (٢٠١٥)، ڕێککەوتنی سینتاکسیی لە زمانی کوردیی و فارسییدا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، فاکەڵتیی زانستەمرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
- قادر، سەباح ڕەشید (2009)، هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە (GB) لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- قادر، کاروان عومەر (2012)، فۆڕمی لۆژیکی لە زمانی کوردیدا ــ بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاست، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.
- کۆمەڵێک زمانەوان (٢٠٠٩)، مۆدێل و مۆدێلەکانی ڕێزمان، وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: مەحویی، محەمەد، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
- کەمال، دیار عەلی (2002)، ڕێزمانی کوردی: ڕوانگەیەکی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
- مەحوی (أ)، محەمەد (٢٠٠٨)، فۆنەیتیک و فۆنۆلۆژیی (فۆنەیتیک)، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
- مەحوی (ب)، محەمەد (٢٠٠٨)، فۆنەیتیک و فۆنۆلۆژیی (فۆنۆلۆژیی)، بەرگی دووەم، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
- مەحویی، محەمەد (٢٠١٠)، بنەماکانی سینتاکسی کوردیی، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
- مەحویی، محەمەد و عومەر، نەرمین (٢٠٠٤)، مۆدێلی ڕێزمانی کوردی، لە چاپکراوەکانی شارەوانی سلێمانی، چاپخانەی ژیر، سلێمانی.
- مەعرووف، عەبدولجەبار مستەفا (٢٠١3)، نواندنی زانیارییە زگماکییەکان و دروستەی فۆڕمەگۆڕاوەکان، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی (B ــ زانستەمرۆڤایەتییەکان)، ژمارە (٣٨)ی کانوونی دووەم، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
- میراودەلی، کەمال (٢٠٢١)، فەلسەفەی زمان و زمانناسیی کوردیی ــ بەرگی یەکەم لە ڕێزمانی کوردیی بنچینەیی، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی کتێبفرۆشی مێخەک و ئەکادیمیای فانی، چاپخانەی مێخەک، سلێمانی.
- مێلین، لارس (2010)، سایکۆلۆژیی زمان، وەرگێڕان و ئامادەکردنی: خورشید، غازی عەلی، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- ویدۆوسن، هـ . د. (٢٠٠٨)، سەرەتایەک بۆ زمانەوانی، وەرگێڕانی: فاروق، هۆشەنگ، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆک.
- یوڵ، جۆرج (٢٠١٦)، مەبەستناسی (پراگماتیک)، وەرگێڕانی: سورخی، ڕەحیم، چاپی یەکەم، ناوەندی توێژینەوەی ئەدەبیی عەبدولڕەحمان زەبیحی، چاپخانەی تاران، سلێمانی.

**دووەم: بە زمانی فارسی**

- کارناپ، رودلف (١٣٨٥)، فلسفه و نحو منطقی، ترجمه: رضا مثمر، چاپ أول، نشر مرکز، تهران.

**سێیەم: بە زمانی عەرەبی**

- أرمينكو، فرانسواز (١٩٨٧)، المقاربة التداولية، ترجمة: علوش، سعيد، مركز الإنماء القومي، الرباط، المغرب.
- الراجحي، عبده (١٩٧٩)، النحو العربي والدرس الحديث ــ بحث في المنهج، دار النهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت.
- علي، محمد محمد يونس (١٩٩٣)، وصف اللغة العربية دلاليا في ضوء مفهوم الدلالة المركزية "دراسة حول المعنى وظلال المعنى"، الطبعة الأولى، منشورات جامعة الفاتح، طرابلس، ليبيا.

- على، محمد محمد يونس (٢٠٠٧)، المعنى وظلال المعنى ــ انظمة الدلالة في اللغة العربية، الطبعة الثانية، دار المدار الاسلامي، بيروت، لبنان.
- عمايره، خليل احمد (١٩٨٤). فى نحو اللغة وتراكيبها ــ منهج وتطبيق، الطبعة الاولى، عالم المعرفة، المملكة العربية السعودية، جدة.
- كوهن، جان (١٩٨٦). بنية اللغة الشعرية، ترجمه: الولى، محمد و العمرى، محمد، الطبعة الأولى، مكتبة الأدب المغربى، دارتوبقال للنشر، المغرب.
- نحلة، محمود أحمد (٢٠٠٢). افاق جديدة في البحث اللغوي المعاصر، الطبعة الاولى، دار المعرفة الجامعية، الإسكندرية، مصر.


**چوارەم: بە زمانی ئینگلیزی**


- Baraware, Muhammad salih abdullah, (2004), Topics in government and binding theory, with reference to English Northern Kurdish. Unpublished PhD. thesis, University of Salahaddin.
- Black, Cheryl A. (1998), A step -by-step introduction to the Government and Binding theory of syntax, SIL - Mexico Branch and University of North Dakota. [Online] Sil-Mexico Branch and University of North Dakota. Last seen: 4th, May, 2022, on: https://mexico.sil.org/sites/mexico/files/e002-introgb.pdf
- Canale, Michael & Swain, Merrill (1980), Theoretical Bases of Communicative Approaches to Second Language Teaching and Testing, Applied Linguistics, Vol. 1, No. 1.
- Chomsky, Noam (1980), Rules and Representation, Oxdord: Basil Blackwell.
- Chomsky, Noam. (1993), Lectures on government and binding, the pisa lecture, 4th ed, Foris: Holland.
- Chomsky, Noam. (1995), The Minimalist Program. 20th anniversary edition. Cambridge: MIt Press, London, England.
- Cook, Vivian James & Newson, Mark (2007), Chomsky's Universal Grammar An Introduction, 3rd edition, Blackwell, USA.
- Farrokhpey, Mahmud (1999), Government and Binding Chomsky Language theory, Tehran: Sokhan press.
- Finch, Geoffrey (2000), Linguistic Terms and Concepts, New York: Palgrave Macmillan Macmillan press.
- Fowler, Roger (1971), An Introduction to Transformational Syntax, 1st Edition, Routledge, London.
- Haegeman, Liliane (1994), introduction to Government & Binding Theory, Second Edition, Blackwell Publishing Ltd. Oxford, UK.
- Halliday, M. A. K. (1978), Language as Social Semiotic: The Social Interpretation of Language and Meaning. London: Edward Arnold.
- Hartman, Reinhard R.K. & Stork, F.C. (1976), Dictionary of Language and Linguistics, London: Applied Science Publishers.
- Jackendoff, R (2002), Foundations of Language" brain, Meaning, Grammar, Evolution" Oxford, University press, New Yourk.
- Katamba, F. (1993), Morphology. Macmillan press LTD. London.
- Leech, Geoffrey N. (1983), Principle of pragmatics, Longman Inc, United state of American, New York.
- Lyons, Jhon. (1981), Language and Linguistics An Introduction. Cambridge University Press.
- Levinson, Stephen C. (1997), Pragmatics, Cambridge, Cambridge University Press, Cambridge.
- May, Rebort (1985), Logical Form (It's Structure and Derivation), Cambridge: MIt Press, London, England.
- Mirêlis, Tamariz, Mónica-Martel (2004), Exploring the Adaptive Structure of the Mental Lexicon. PhD thesis, The University of Edinburgh, Edinburgh.
- O'Grady, William (2005), Syntactic Carpentry: An Emergentist Approach to Syntax, Lawrence Erlbaum Associates Publishers, Mahwah, New Jersey, London.
- Pierrehumbert, Janet (1990), Phonological and Phonetic Reprsentation, Journal of Phonetics, Northwestern University, USA.
- Radford, A. (2006), Minimalist Syntax, Third printing, printed in the United Kingdom at the University Press, Cambridge.
- Searle, John R. (1993), "Metapho", in Ortony, Andrew [ed.] Metaphor and Thought, Cambridge: Cambridge University press.
- Sutherland, Dean. (2006), Phonological Representations, Phonological Awareness, and Print Decoding Ability in Children with Moderate to Severe speech Impairment. PhD Thesis, University of Canterbury, Christchurch, New Zealand.
- Thomas, Owen. & Kintgen, Eugene R. (1974), Transformational Grammar and the Teacher of English; Theory and Practice 2nd Edition, Library of Congress: U.S.A.
- Van Valin, R. D. (2005), Exploring the Syntax-Semantics Interface. printed in the United kingdom, University press, Cambridge.

**تمثيل السنتابراغماتية للجملة في اللغة الكردية**

**خوشناو عزيز حمەأمين**
قسم اللغة الكوردية، كلية التربية الأساس، جامعة ڕاپـەڕیـن،
إقليم كوردستان ــ العراق
khoshnaw.aziz@uor.edu.krd

**عمر محمود كريم**
قسم اللغة الكوردية، فاكلتى التربية، جامعة كۆيه،
إقليم كوردستان ــ العراق
omar.mahmood@koyauniversity.org

**ملخص**

هذه الدراسة محاولة علمية لتمثيل السنتابراغماتية ( النحو ــ البراغماتية) في تكوين البنى النحوية، كما تختص الدراسة بالجمل البسيطة المرتبطة بالسياق؛ لأن وصف بنية الجملة في أية لغة ما سيتمّ تحليله وفقاً لنظام قواعد العبارات والتمثيل، وستكون هذه القواعد نفسها بمثابة مؤشرات لظهور الصيغ النحوية لهذه اللغة وتشكيلها والتي تحدث كعملية تلقائية في اللغة. إذن تهتمّ هذه الدراسة ببنية الجمل المرتبطة بالسياق. كما قد تمّت فيها محاولة تجربة تلك الخطوات التي ستبنى من خلال تطبيقها تركيب بنية الجملة كمكونات صغيرة للعناصر النحوية وذلك عند الاستعمال والتواصل. بمعنى آخر أنّ هذه الدراسة محاولة لعرض العناصر والمستويات الّتي ستبنى من خلالها مكونات السنتا براغماتية.

إن الخطوط العامة لهذا البحث قد تمّ رسمه استعانة بالمنهج التحليلي الوصفي. وفضلا عن مقدمة، ينقسم هيكل الدراسة على المحورين:

المحور الأول: تحت عنوان **"موجز حول تمثيل السنتابراغماتية"**، قد جاء فيه تعريف ع تمثيل السنتابراغماتية إضافة إلى تسليط الضوء على إستقلالية هذا التمثيل وكيفية التمثيل مكونات السنتا براغماتية، مع أهم خطوات تمثيل السنتابراغماتية ومصادره. وأمّا المحور الثاني تمّ تخصيصه لـ**"مكونات ومستويات التمثيل السنتابراغماتية"**، حيث يتم فيه عرض أهم مكونات ومستويات هذا التمثيل.

وأمّا الصفحات الأخيرة أتى فيها أهم الاستنتاجات التي تم التوصل إليها، فضلا عن فهرس المصادر والمراجع.

**الكلمات المفتاحية:** التمثيل، السينتابراغماتية، السياق، البنية، المنطوق، المستوى.

**Syntapragmatics Representation of sentence in Kurdish Language**

**Khoshnaw Azeez Hama Ameen**
Dept. of Kurdish Language, College of Basic Education,
University of Raparin
khoshnaw.aziz@uor.edu.krd

**Omar Mahmood Kareem**
Dept. of Kurdish Language, Faculty of Education,
University of Koya
omar.mahmood@koyauniversity.org

**Abstract**

This study is devoted to syntapragmatics representation in forming syntactic structures, especially the simple sentences correlated to the context, because describing sentence structure in every language will be interpreted according to the phrases, structures representation system and these rules will be the indicators for the occurring and representing syntactic forms of a certain language which arise as a spontaneous process in the language. Therefore, this study determines the structure of the contextual sentences. It has been attempted to regularize those steps which by their implementation, the sentences structures such as; the minor units of syntactic components in utilizing and communication are constructed. In other words it is an attempt to explicate the elements and the levels of forming syntapragmatics structures.

The main lines of this research are the use of Descriptive Analysis Method, except for the preface, the structure of this study has divided into two parts:

The first part is entitled "**A Summary of Syntapragmatics Representation**" in this part, in addition to introducing syntapragmatics representation, the independence of this representation, the method of representing the syntapragmatics structures with the most significant paces and sources of syntapragmatics representation structures have been focused. The second part is dedicated to "**The Components and The Levels of Syntapragmatics Representation**", in which the most important components and levels of this representation are demonstrated.

The last pages conclude with the most considerable obtained results and bibliography.

**Keywords:** Representation, Syntapragmatics, Context, Structure, Utterance, Level.